تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5770) سێ شەممە 18ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوپەیمانی نیشتیمانیی دەکات



دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوپەیمانی نیشتیمانیی بە سەرۆکایەتیی ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتیمانیی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و پرۆسەی سیاسیی هەرێم تاوتوێ کرا و هەنگاوەکان بۆ پێشخستنی پرۆسەی سیاسی و بەرەودانی تەبایی و سەقامگیری خرایە بەر باس و گفتوگۆ. پەیوەندییەکانی هەردوولا تەوەرێکی تری ئەو دیدارە بوو.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نەجمەدین کەریم دەکات

دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد و پارێزگاری پێشووی کەرکووک نەجمەدین کەریم کرد. لە دیدارەکەدا بیرەوڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و دوا پێشهاتەکان ئالوگۆڕ کرا.

72هەمین ساڵیادی پەڕینەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە رووباری ئاراس

زیاتر لەلاپەرە 8-9 بخوێنەوە

مەسرور بارزانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهێنانی کابینەی نوێ تاوتوێ دەکات



دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 بەڕێز مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کە پێکهاتبوو لە هەریەکە لە "دڵشاد شەهاب، هێمن هەورامی، شەعبان شەعبان چالی، ئومێد خۆشناو، فرسەت سۆفی" گەیشتنە شاری سلێمانی، سەرەتاش سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە سلێمانی کرد و لەگەڵ شاندی گفتوگۆکانی ئەو حزبە کۆبوونەوە. دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکەش، بەڕێزان مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عیماد ئەحمەد سەرۆکی شاندی گفتوگۆکانی یەکێتی، هەردوولا لێدوانیان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دا.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



مەسرور بارزانی پێکهێنانی کابینەی نوێی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان تاوتوێ کرد



مەسرور بارزانی پێکهێنانی کابینەی نوێیەم لەگەڵ حزبی سۆسیالیست تاوتوێ دەکات



مەحمود محەمەد: دەبێت کاندیدی پۆستی پارێزگاری کەرکووک کاندیدی پارتی و یەکێتی بێت

مەحمود محەمەد گوتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە لەم چەند ڕۆژەی ئەم مانگەی ماوە، پێش دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان، کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم پێکبێت و لەپەرلەمان متمانەی پێبدرێت، دەشڵێت: سەرۆکی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەنگە تێبینی لەسەر کاندیدی لایەنەکان بۆ پۆستە وەزارییەکان هەبێت، گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، چونکە دەیەوێت کابینەیەکی سەرکەوتووی هەبێت.



وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە:

گۆڕانکاری لە دروستکردنی ڕێگاکان دەکرێت

سەرۆکی لیستی برایەتی: ڕاکان جبووری پڕۆژەی وەهمی بۆ دیوانەکەی خۆی پێشکەش کردووە

دوای ئەوەی بابەتی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی لەسەر ڕاکان جبووری، پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک بڵاوکرایەوە، چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هەوڵی ئاشکراکردنی دۆسیە گەندەڵیەکانی دەدەن. لەمبارەوە محەمەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕاگەیاندووە: پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بڕێکی زۆری پارەی بۆ دیوانەکەی خۆی خەرج کردووە کە پێم وایە بڕەکەی یەک ملیار دینارە و من نووسراوەکانم هەمووی لەلایە کە بەناوی براکەی ڕاکانەوەیە و داوای خەرجکردنی ملیۆنان دینار دەکات. سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەشڵێت: لێژنەی دارایی و پڕۆژەکان دانیشتنیان ئەنجام داوە و تاوتوێی پڕۆژەکانی ڕاکانیان کردووە و 127 هەڵەیان لەناویدا بینیوە. محەمەد کەمال، ئەوەشی خستە ڕوو: ڕاکان جبووری کۆمەڵێک ناحەقیی کردووە و تێیدا بۆ دیوانەکەی خۆی پڕۆژەی وەهمی پێشکەش کردووە و ئەوەش قابیلی قەبوڵ نییە.



مەسرور بارزانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان تاوتوێ کرد

مەسرور بارزانی: گەشبینم و هیوادارم بتوانین لە وادەی خۆیدا کابینەی حکوومەت پێکبهێنین

جەلال جەوهەر: لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا سیڤییەکان دەخەینە بەردەست



پاش نیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 لە چوارچێوەی هەوڵ و کۆبوونەوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندی گفتوگۆکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سەردانی مەکتۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕانیان لە شاری سلێمانی کرد و لەگەڵ شاندی گفتوگۆکانی ئەو حزبە کۆبوونەوە.

دوای کۆبوونەوەکە بەڕێز مەسرور بارزانی لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا قسەمان لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی حکوومەت کرد، داوامان لێکردن سیڤی کاندیدەکانی خۆیان بۆ وەزارەتەکان پێشکەشبکەن، سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەی گۆڕانیش دەکەین بە پابەندبوونیان بەو رێکەوتنانەی لەگەڵمان هەیانبوو، ئێستاش چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکەین لەگەڵ ئێمە پێکەوە بتوانین حکوومەتێکی بەهێز پێکبهێنین و خەڵک لەو چاوەڕوانییە قوتاربکەین. مەسرور بارزانی هیواشی خواست تا پێش کۆتایی هاتنی مانگ و دەستپێکردنی پشووی هاوینەی پەرلەمانی کوردستان، بتوانن کابینەی نوێی حکوومەت رابگەیەنن.

راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسرور بارزانی لەبارەی ئەنجامی کۆی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنەکان لە شاری سلێمانی گوتی: زۆر خۆشحاڵم بە هەموو دیدارەکان لەگەڵ لایەنەکان و دەتوانم بڵێم ئەو هەستەم تێیاندا بینی کە بەرپرسیاران بەرامبەر بەوەی کابینەی حکوومەت زوو پێکبێت، هیوادارم کابینەی حکوومەت زوو پێکبێت و بەڵێنەکانمان بەینەسەر.

لەلایەن خۆشیەوە جەلال جەوهەر، ئەندامی خانەی راپەڕاندنی گۆڕان بە رۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: "رێککەوتنمان لەگەڵ پارتی هەیە و بە تەواوی پابەندین بە ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنەوە. ئەمڕۆ کاک مەسرور بارزانی تەشریفیان هێنا بۆ ئێرە، بەڵێنمان پێدا کە هەتا بۆمان بکرێت لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا سیڤییەکان بنێرین. ئێستا سەرقاڵی سیڤییەکانین."

عێراق.. ڕەوتی حیکمە دەبێتە ئۆپۆزسیۆن

لە کۆی 329 کورسی خاوەن 19 کورسییە



ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی عەمار حەکیم، ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی لە هەمبەر حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ڕاگەیاند. ڕەوتی حیکمە لە ئەنجوومەنی نوێنەران لە کۆی 329 کورسی خاوەن 19 کورسییە.

ڕەوتی حیکمە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەداوە کە مەکتەبی سیاسی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە کۆبوونەوەیەکدا بەوردی ڕەوشی سیاسی و ئاستی خزمەتگوزاریەکانی هەڵەسەنگاندووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەبارەی ئاستی حکوومەت لە تێپەڕاندنی کارو ئەرکەکەیدا کراوە و بەوردی بیرورا لەوبارەیەوە ئاڵوگۆڕکراوە، بۆیە لەو ڕوانگەوە ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لەهەمبەر حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دا دەبێت بە ئۆپۆزسیۆن". جێی باسە ڕەوتی حیکمە یەکەم فراکسیۆنی شیعەیە کە لەهەمبەر حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدیدا ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت.

سیناتۆرێکی ئەمەریکی: پێویستە گوررزێکی تۆڵەسەندنەوە لە ئێران بوەشێنرێ



تۆم کۆتن سیناتۆری ئەمەریکی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە بەرنامەی (Face the Nation) کە چەند بڕگەیەکی لە تویتەر بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت: ئەو کردەوە تیرۆریستیە بێ پاساوانەی دژی نەوتهەڵگرەکان لە گەرووی هورمز ئەنجام دەدرێن پێویستە لە بەرامبەردا گوررزێکی تۆڵەسەندنەوە لە ئێران بوەشێنرێ. تۆم کۆتن هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئێران بە دریژایی میژوو پەیڕەوی شەڕو کاری تیرۆریستی گرتۆتە بەر، کۆتن لە قسەکانی دا دەشڵێت: لە کاتی سەرۆک جۆرج واشنتن تا سەردەمی دۆناڵد ترەمپ، ئێران خێراترین کردەوەی ئەوە بووە کە سوپای ئەمەریکا تووڕە بکات گڕ بگرن ئەو ڕێگایەیە کە ئێستا پەیڕەوی دەکات و کۆسپ بۆ دەریاوانی و نەوتهەڵگرەکان دروست دەکات و پێویستە تۆڵەی لێبکرێتەوە. جێی باسە لێدوانەکانی تۆم کۆتن سیناتۆری ئەمەریکی دوای ئەوەدێت کە بەڕەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 13ی حوزەیران 2019 دوو تەقینەوەی گەورە دوو کەشتی نەوت هەڵگری لە دەریای عەمان کردە ئامانج، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەش نرخی نەوتی بڕێنت بۆ 2.5 دۆلار زیادی کرد.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی وڵاتی ئەڵمانیا دەکات



موقتەدا سەدر: حکوومەتی عێراق توانای چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای نییە

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی توانای چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای نییە. موقتەدا سەدر لە ڕاگەیەندراوێکدا تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی لەوە دڵنیابووتەوە کە حکوومەتی عێراق توانای چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای نییە. سەرکردەی ڕەوتی سەدر ئاماژەی بەوە داوە کە دەیەوێت سەرنج بخاتە سەر کێشەکانی وزە و داوای کردووە بۆ ئەوەی بەرپرسانی وڵات هەست بە کێشەکانی خەڵک بکەن کارەبایان لێ ببڕدرێت و بڕی ئەو کارەبایە بدرێتە نەخۆشخانە و قوتابخانەکان.

موقتەدا سەدر لێدوانی وەزیری کارەبای عێراق، لوئەی خەتیبیشی بە "گاڵتەکردن بەگەلی عێراق" ناوبرد کە ڕایگەیاندبوو لە مانگی تشرینی یەکەمدا کێشەی کارەبا چارەسەر دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی عێراق خاوەن یەدەگێکی ئێجگار زۆری نەوت و گازی سروشتییە، بەڵام پچڕانی کارەبا کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر ژیانی هاوواڵتیان. ئاماژە بەوە دەدرێت هۆکاری سەرەکی ناڕەزایەتی و کاردانەوەی خەڵک بۆ پچڕانی کارەبا دەگەڕێتەوە بە تایبەت لە باشووری عێراق. جێی باسە بەپێی ڕاپۆرتێک کە حکوومەتی عێراق بڵاوی کردۆتەوە عێراق لە میانی 12 ساڵی ڕابردوودا، 40 ملیار دۆلاری بۆ وزەی کارەبا خەرج کردووە. لە زۆرێک لە پارێزگاکانی عێراق ڕۆژانە پچڕانی تەزووی کارەبا دەگاتە 12 کاتژمێر.

پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 د. قالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی جنان جەبار بۆیا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی ئەڵمانی لە شاری ئێسن کرد، کە پێکهاتبوو لە پیتەر ڕینزێل، جێگری پارێزگاری ئێسن و سەرۆکی بەشی سیاسی لە دامەزراوەی فونک میدیا گرووپ لە بەرلین و سەرۆک و بەڕێوەبەری ژمارەیەک لە نەخۆشخانە و فەرمانگەی نشینگە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئەندامانی شارەوانی شاری ئێسن.

سەرەتا شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بەسەردانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەربڕی سلاو و ڕێزی پارێزگای شاری ئێسنیان گەیاندە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سوپاسی گەلی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانیان کرد کە لە بری هەموو جیهان شەڕی تیرۆریستانی داعشیان کرد. هەروەها کورتەیەکیان سەبارەت بە کار و چالاکییەکانیان لە سنووری پارێزگای دهۆک لە هاوکاریکردنی ئاوارە و لێقەوماوان و ڕایگەیاند سنووری کارو چالاکییەکانیان پەرەپێبدەن بۆ ئەوەی شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە و هەماهەنگی زیاتر لەنێوان شاری ئێسن و شارەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکەن و ئامادەیی خۆشیان نیشاندا بۆ بەردەوامبوون لەسەر کارو چالاکییەکانیان لە هاوکاریکردن و خزمەتکردن بەئاوارە و لێقەوماوان.

لەلایەن خۆیەوە د. قالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، سوپاسی شاندەکەی کرد بەرامبەر ئەو کارو چالاکییانەی کە لەسنووری پارێزگای دهۆک ئەنجامیانداوە لە هاوکاریکردنی ئاوارە و لێقەوماوان و ڕایگەیاند: سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕی کەچی باوەشی بۆ ئاوارەکان کردەوە و توانیی سەرکەوتووانە هەموو قەیرانەکان تێپەڕێنێ.

سەبارەت بەو تاوانەی کە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش دژ بەئێزدییەکان و پێکهاتەکانی دیکە ئەنجام دران، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جەختی لەسەر پێویستیی کارکردن لەسەر بەجێنۆسایدناساندنی ئەو تاوانانە کردەوە و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێشوو و لەو خولەی ئێستاشدا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆئەوەی عێراق ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بەجێنۆساید بناسێنێت و قەرەبووی قوربانییەکان بکرێتەوە و ئاوارەکانیش بگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان.

هەر لەدیدارەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق کرد و ڕایگەیاند: لە یەکەمین دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمان، کە تیایدا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا جەختمان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردۆتەوە و لەئێستادا پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا لەئاستێکی باشدایەو دەخوازین حکومەتی عێراق پابەندبێ بە جێبەجێکردنی دەستوور، لەنێویشیاندا مادەی 140ی دەستوور کەتایبەتە بەناوچە دابڕێنراوەکان لەئاساییکردنەوەو سەرژمێری و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانەو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا بەجۆرێک کە لەبەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت".

هەروەها باسی لە بارودۆخی ئێستای ناوچە دابڕێندراوەکان کرد کە لەو ماوەیەدا بەهۆی سووتاندنی دەغل و دانی جووتیارانی کوردو ناچارکردنی خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە بەچۆڵکردنی شوێنەکانیان بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیی ئەو ناوچانەو ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان سەرەڕای ئیدانەکردنی ئەوجۆرە کارانە داوای ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ئەو کارانە دەکاتەوە کە دەبێتەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان و پێویستە هەوڵی جدی بدرێت بۆ چارەسەرکردن و پارێزگاریکردن لە سەرجەم خەڵکی ئەو ناوچانە بەهەمور نەتەوە و پێکهاتەکانییەوەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەو پەرلەمانی کوردستانیش لیژنەیەکی تایبەتیی هەیە بەو ناوچانە بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانەی کە لەو ناوچانەدا هەن و ڕۆژنە ڕاپۆرتییان لەسەر بارودۆخی ئەو ناوچانە پێدەگات و لە پەیوەندیی بەردەوامدان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕاشیگەیاند: لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان هاوکارو هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆئەوەی چاکسازییەکی گشتگیر لەسەرجەم سێکتەرەکاندا ئەنجام بدرێت. لە کۆتایی دیدارەکەشدا شاندی میوان دیاریییەکیان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد کە گوزارشتی لە شارەکەیان دەکرد، لە بەرامبەر ڕیشدا وەک ڕێزلێنانێک لە کارو چالاکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لۆگۆی پەرلەمانی کوردستانی بەخشییە شاندی میوان.

مەسرور بارزانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهێنانی کابینەی نوێ تاوتوێ دەکات

مەسرور بارزانی: چاوەڕوانین یەکێتی لە وادەی خۆیدا (سی ڤی)ی وەزیرەکانیان پێشکەش بکەن

عیماد ئەحمەد: هیوادارین ئەم کابینەیە چارەسەرکەری کێشەکانی کابینەی پێشوو بێت



دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 بەڕێز مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کە پێکهاتبوو لە هەریەکە لە "دڵشاد شەهاب، هێمن هەورامی، شەعبان شەعبان چالی، ئومێد خۆشناو، فرسەت سۆفی" گەیشتنە شاری سلێمانی، سەرەتاش سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە سلێمانی کرد و لەگەڵ شاندی گفتوگۆکانی ئەو حزبە کۆبوونەوە. دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکەش، بەڕێزان مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عیماد ئەحمەد سەرۆکی شاندی گفتوگۆکانی یەکێتی، هەردوولا لێدوانیان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دا.

لە لێدوانە رۆژنامەوانییەکەدا سەرەتا راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی رایگەیاند، ئامانج لە کۆبوونەوەکان پێشکەشکردنی سی ڤی کاندیدی لایەنەکانە بۆ ئەو پۆستە وەزارییانەی لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە بەشێک لە کێشەکانی هەرێم دەزانین و پێویستە پێکەوە چارەسەریان بکەین.

لە لای خۆیەوە مەسرور بارزانی لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانان ئەوەی ڕەتکردەوە یەکێتی بەشداریکردنی حکومەتی بەو پرسەوە بەستبێتەوە و گوتی: ئەرکی ئێمەیە بۆ پێکهێنانی کابینەی دەکەوێت، تا بەزووترین کات حکومەت پێکبهێنرێت، چاوەڕوانی ئەوەش دەکەین یەکێتی لە وادەی خۆیدا سی ڤی وەزیرەکانیان پێشکەش بکەن.

مەسرور بارزانی گوتیشی: پێویستە پێش وادەی یاسایی خۆی هەموو "سی ڤی"یەکان ئامادە بکەین و پێشکەش بە پەرلەمانی بکەین و لەگەڵ لایەنەکانی تریش پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکات. عیماد ئەحمەد گوتیشی: وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان چەند ڕێککەوتنێکمان هەیە کە سوورین لەسەر ئەوە ڕێککەوتنانە و پێکەوە بەندەکانی جێبەجێ بکەین، ئێمە وەک یەکێتی هاوبەشێکی ڕاستەقینە بووین لە پڕۆسەی سیاسی هەرێم و وەزعی ئیدارەی هەرێم و ئەوە یەکەم کابینەی حکومەت نییە بەشداری تیایدا دەکەین و لە کابینەکانی تریش بەشداریمان کردووە، هیوادارین ئەم کابینەیە دەرچۆکراوەی کابینەکانی تر بێت و چارەسەرکەری کێشەکانی کابینەی پێشوو بێت، هەروەها دڵنیایی بداتە هاوڵاتیان کە کێشەکان چارەسەر دەکات. ئەو هەروەها گوتی: ئێمە وەک پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تر ئەرکی سەرشانمانە ئەم پرۆسە و دەستکەوتە بپارێزین و بەرەو پێشەوەی ببەین.

لە بارەی بەستنەوەی بەشداریکردنیان لە حکوومەت بەپرسی پارێزگاری کەرکووک، بەرپرسەکەی یەکێتی لە وەڵامدا گوتی: ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە، هەردوولا سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە کردوومانە، کێشەکانی کوردستان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە بەشێک لە کێشەکانی هەرێم دەزانین و پێویستە پێکەوە چارەسەریان بکەین.

لە لای خۆیەوە مەسرور بارزانی لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان ئەوەی ڕەتکردەوە یەکێتی بەشداریکردنی حکوومەت بەپرسی پارێزگاری کەرکووک، ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە، هەردوولا سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە کردوومانە، کێشەکانی کوردستان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بەرەو پێشەوەی ببەین.

لە بارەی بەستنەوەی بەشداریکردنیان لە حکوومەت بەپرسی پارێزگاری کەرکووک، بەرپرسەکەی یەکێتی لە وەڵامدا گوتی: ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە، هەردوولا سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە کردوومانە، کێشەکانی کوردستان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە بەشێک لە کێشەکانی هەرێم دەزانین و پێویستە پێکەوە چارەسەریان بکەین.

لە لای خۆیەوە مەسرور بارزانی لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان ئەوەی ڕەتکردەوە یەکێتی بەشداریکردنی حکوومەت بەپرسی پارێزگاری کەرکووک، ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە، هەردوولا سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە کردوومانە، کێشەکانی

حکوومەت و برادەرانی یەکێتی بەڕێزەوە پابەندی ئەو ڕێککەوتنانەن کە پێشتر هەمانبووە لەسەر شێوازی دابەشکردنی پۆستەکان لە حکوومەت، ئینشائەڵڵا چاوەڕوانی ئەوەین لە وادەی خۆی سی ڤی کاندیدانی یەکێتی بۆ پۆستە وەزاریيەکان پێشکەش بکەن و خەڵک لەو چاوەڕوانییە قوتار بکەن.

مەسرور بارزانی دوای ئەوەی لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردرا ڕۆژی یەکشەممە 2019/6/16 یەکەم سەردانی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر ئەنجامدا و لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆبوونەوەو دوای کۆبوونەوەکەش مەسرور بارزانی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەوانان ڕایگەیاند، پێشتر لەبارەی چۆنییەتی دابەشکردنی وەزارەتەکان ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنەکان کراوە، لەم سەردانانەشیدا داوای سی ڤی وەزیرەکان لە لایەنەکان دەکەن تاوەکو لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا بتوانن کابینەی حکوومەتەکەی بخەنە بەردەم پەرلەمان.

مەسرور بارزانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لەگەڵ حزبی سۆسیالیست تاوتوێ دەکات

مەسرور بارزانی: وەزارەتی شەهیدان هی حزبی سۆسیالیستە و هیوادارین سەرکەوتوو بن

محەمەد حاجی مەحمود: لە ماوەیەکی نزیکدا (سی ڤی)ی کاندیدەکەمان پێشکەش دەکەین



دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 بەڕێز مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتیان کرد. دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکەش، بەڕێزان مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، هەردوولا لێدوانیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا.

بەڕێز مەسرور بارزانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتیان وەک سەرکردەی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان هەڵسەنگاند و گوتی: ئێمە وەک پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تر بەشداری تیایدا دەکەین و لە کابینەکانی تریش بەشداریمان کردووە، هیوادارین ئەم کابینەیە دەرچۆکراوەی کابینەکانی تر بێت و چارەسەرکەری کێشەکانی کابینەی پێشوو بێت، هەروەها دڵنیایی بداتە هاوڵاتیان کە کێشەکان چارەسەر دەکات. ئەو هەروەها گوتی: ئێمە وەک پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تر ئەرکی سەرشانمانە ئەم پرۆسە و دەستکەوتە بپارێزین و بەرەو پێشەوەی ببەین.

لە بارەی بەستنەوەی بەشداریکردنیان لە حکوومەت بەپرسی پارێزگاری کەرکووک، بەرپرسەکەی یەکێتی لە وەڵامدا گوتی: ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە، هەردوولا سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە کردوومانە، کێشەکانی کوردستان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە بەشێک لە کێشەکانی هەرێم دەزانین و پێویستە پێکەوە چارەسەریان بکەین.

لە لای خۆیەوە مەسرور بارزانی لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان ئەوەی ڕەتکردەوە یەکێتی بەشداریکردنی حکوومەت بەپرسی پارێزگاری کەرکووک،

مەحمود محەمەد: دەبێت کاندیدی پۆستی پارێزگاری کەرکووک کاندیدی پارتی و یەکێتی بێت

قۆناغەکە دەخوازێت تا پێش پشووی پەرلەمان حکوومەتی نوێ پێکبهێندرێت

ئەگەر لایەنێک کاندیدی بۆ وەزارەتەکانی ساغ نەکردەوە باشترواید دوای پێکهێنانی حکوومەت پۆستە بەتاڵەکان پڕبکرێنەوە

بە یەکێتیمان گوتووە پاکێجەکانی کوردستان و کەرکووک و بەغدا لە یەکتری جیاوازن

مەحمود محەمەد گوتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە لەم چەند ڕۆژەی ئەم مانگەی ماوە، پێش دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان، کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم پێکبێت و لەپەرلەمان متمانەی پێببڕێت، دەشڵێت: سەرۆکی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەنگە تێبینی لەسەر کاندیدی لایەنەکان بۆ پۆستە وەزارییەکان هەبێت، گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، چونکە دەیەوێت کابینەیەکی سەرکەوتووی هەبێت، دوای سەردانەکانی شاندەکەی پارتی بۆ لای لایەنەکان ڕەنگە چەند ڕۆژێکی تر بەدەستەوە بمێنێت، بۆیە لەوانەیە ئەگەر لایەنێک وەزیرێک یا دوانی پێ ساغ نەبووبێتەوە یا هێشتا بڕیاری نەدابێت، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە کابینە پێکبێت و دواتریش کە پۆستە بەتاڵەکان مایەوە، پڕبکرێتەوە، من وای بۆ دەچم نەگاتە ئەو ئاستەش. باسی لەوەشکرد هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە لەم چەند ڕۆژەی ئەم مانگەی ماوە، پێش دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان تا کابینەکانی پێشووش ئەم سەردانانە کراوە.

سەرۆکی ڕاسپێردراو دەیەوێت کابینەیەکی بەهێزی هەبێت

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا کاندیدی ڕاسپێراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ ئەو لایەنانە مافی ئەوەی هەیە کە تێبینی لەسەر کاندیدی پۆستەکانی لایەنەکانی تر هەبێت؟ مەحمود محەمەد گوتی: هەر کەسێک کە سەرۆکایەتی کابینەیەک وەردەگرێت، دەیەوێت سەرکەوتوو بێت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی وەک کارنامەی حکوومەت کە لەگەڵ لایەنەکان ڕێکدەکەون، دەیەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بەو کەسانە هەیە کە شارەزایی و توانای کارەکانیان هەبێت، دەکرێت هەر بۆ نموونە کەسێک بۆ کاریگی ئەندازیاری دانرابێت، بەڵام هیچ شارەزایی لە ئەندازیاری نەبێت، بۆیە ڕەنگە ئەو گفتوگۆیە بکرێت، بەڵام ئەو حزبانە خۆیان بەرپرسیارن لە دیاریکردنی کاندیدەکانیان، دەبێت ئەو مافەش بە سەرۆکی کابینەی داهاتوو بدرێت کە دەیەوێت کابینەکەی کار بکات و ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی جێبەجێی بکات و خزمەتی خەڵکی پێبکات، بۆیە ڕەنگە سەرۆکی ڕاسپێردراو تێبینی هەبێت لەسەر ئەو کاندیدەی دیاریکراو تا گونجاندن و هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ ئەو کارەی بۆی دیاریکراوە.

قۆناغەکە دەخوازێت حکوومەت زوو پێکبێت

گوتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: خودی بەڕێز کاک مەسرور بارزانی 30 ڕۆژی لەبەردەمدایە بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، بەڵام ئیشکالێکی قانوونی نێستا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە 7/1وە پەرلەمان دەچێتە پشووی هاوینەیەوە یا دەبێت لە دوای ئەو بەرواردە پەرلەمان تەمەنی وەرزی یاسادانانی درێژ بکاتەوە یا دەبێت کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام بدات کە ئەمە هەردووکی باش نییە بکرێت، هیچ شتێک نەماوە بکرێت، ئێمە ڕێککەوتنەکانمان لەسەر پۆستی وەزارەتەکان کردووە و ماوەیەکی درێژیان لەبەردەم بووە و ئێستا تا کۆتایی ئەم مانگە واتە لە ماوەی ئەم12 ڕۆژەدا ناوی کاندیدەکانیان یەکلایی بکەنەوە تا پێش دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان حکوومەت پێکبهێنرێت، چونکە ئەم قۆناغە وادەخوازێت کە بەزووترین کات حکوومەت پێکبهێنرێت، چونکە زۆریش دواکەوتوین.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەگەر لایەنەکان ئامادەنەبوو، پارتی وەک لایەنی پێکهێنەری حکوومەت، حکوومەت پێکدەهێنێ و هاوشێوەی عێراق پۆستی وەزارەتەکان بە بەتاڵی بەجێبهێڵێت یا چاوەڕوان دەکات؟ مەحمود محەمەد گوتی: ئەوەش ڕێگایەکە، سێ لایەنی سەرەکی کە بەشداری حکوومەتن، پارتی کێشەی یەکلاییکردنەوەی کاندیدەکانی نییە، لەوانەیە ئەگەر لایەنێک وەزیرێک یا دوانی پێ ساغ نەبووبێتەو یا هێشتا بڕیاری نەدابێت، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە کابینە پێکبێت و دواتریش کە پۆستە بەتاڵەکان مایەوە، پڕبکرێتەوە، من وای بۆ دەچم نەگاتە ئەو ئاستەش. باسی لەوەشکرد هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە لەم چەند ڕۆژەی ئەم مانگەی ماوە، پێش دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان تا کابینەکانی پێشووش ئەم سەردانانە کراوە.

سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکوومەت دەیەوێت کابینەیەکی بەهێزی هەبێت

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا کاندیدی ڕاسپێراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ ئەو لایەنانە مافی ئەوەی هەیە کە تێبینی لەسەر کاندیدی پۆستەکانی لایەنەکانی تر هەبێت؟ مەحمود محەمەد گوتی: هەر کەسێک کە سەرۆکایەتی کابینەیەک وەردەگرێت، دەیەوێت سەرکەوتوو بێت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی وەک کارنامەی حکوومەت کە لەگەڵ لایەنەکان ڕێکدەکەون، دەیەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بەو کەسانە هەیە کە شارەزایی و توانای کارەکانیان هەبێت، دەکرێت هەر بۆ نموونە کەسێک بۆ کاریگی ئەندازیاری دانرابێت، بەڵام هیچ شارەزایی لە ئەندازیاری نەبێت، بۆیە ڕەنگە ئەو گفتوگۆیە بکرێت، بەڵام ئەو حزبانە خۆیان بەرپرسیارن لە دیاریکردنی کاندیدەکانیان، دەبێت ئەو مافەش بە سەرۆکی کابینەی داهاتوو بدرێت کە دەیەوێت کابینەکەی کار بکات و ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی جێبەجێی بکات و خزمەتی خەڵکی پێبکات، بۆیە ڕەنگە سەرۆکی ڕاسپێردراو تێبینی هەبێت لەسەر ئەو کاندیدەی دیاریکراو تا گونجاندن و هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ ئەو کارەی بۆی دیاریکراوە.



سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکوومەت دەیەوێت کابینەیەکی بەهێزی هەبێت

قسەوقسەڵۆکی لێ پەیدا نەبێت، چونکە ئەمە کارێکی سەرەکییە دەبێت لە وەرزی یاساداناندا دەنگ بە کابینەی نوێی حکوومەت بدرێت.

خەڵکی دەڕەوەی پارتیش سیفییان پێشکەشکردووە

گوتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتیکردەوە پارتی مەرجی ئەوەی هەبووبێت کە وەزیرەکانی پێشوو کاندید بکرێنەوە، زیاتر دەڵێت: ئێمە هیچ کات مەرجی ئەوەمان نەبووە کە نابێت وەزیرەکانی ئەم کابینەیە، کاندید بکرێنەوە، ئەگەر کەسێکیش وای گوتبێت، ئەوە بۆچوونی خۆی بووە، قسەی ئێمە ئەوەیە دەبێت کەسی شارەزا و لێهاتووی و شارەزایی و دڵسۆزی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی کارەکانە. گوتەبێژی فەرمیی پارتی گوتیشی: بەشێک لە خەڵکی دەڕەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی سیڤییان بۆ پۆستە وەزاریەکان پێشکەشکردووە و ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوامان وایە لە دەڕەوەی پارتی و حزبەکان خەڵکی دڵسۆز و پێشکەوتنخواز هەن کە دەتوانن خزمەت بکەن، بەڵام وەک لایەنی حزبایەتی تەحەزوبی نەبێت، بۆیە بڕوامان وایە دەتوانین سوود لەوانە ببینرێت.

پاکێجەکان لە یەکتری جیاوازن

دەربارەی داواکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر یەکلاییکردنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک بۆ ئەوەی بەشداری لە حکوومەتدا بکەن، مەحمود محەمەد گوتی: ئێمە سێ ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەیە و پاشکۆی ڕێککەوتنێکیش لەبارەی کەرکووکەوە دەقەکەیان بڵاوکردەوە، هەرچەندە لە بەڕێزان کاک نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاک کۆسرەت جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واژۆیان لەسەر کردووە کە بابەتی یەکلاییکردنەوە و ڕێککەوتن لەسەر پارێزگارێک دراوەتە دەست سەرۆک بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ ڕێککەوتنەکەش واکراوە لەگەڵ هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ ئەم پرۆسەیەش دەستپێدەکات، کەواتە دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسیی پارتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دراوەتە سەرۆک بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ کە ئەوان ڕێککەوتنی لەسەر بکەن، ئێمە پەشیمان نین لەو ڕێککەوتنەی کردوومانە، ئومێد دەکەین برادەرانی یەکێتیش بە هەمان شێوە و لە سەرەتای گفتوگۆکان کە ئێمە کردوومانە یەکێتی پێیان گوتین پاکێجی بەغدا، کەرکووک، کوردستان هەرسێکی یەکێکە، بەڵام ئێمە پێمان گوتن هەرسێکیان لە یەکتر جیاوازن، ئەم جیاوازیەش واتای هەریەکە چارەسەری خۆی هەیە، بۆیە با ئێستا کە دەڵێن دەبێت لەگەڵ پارتی پێکەوە داینێین، بەوە چارەسەر دەبێت، کێشەکە تازە دەبێت بە ڕێککەوتنی هەردولا پێکەوە بێت و ئێمە ڕەچاوی دۆخی ناوخۆی یەکێتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتی و ئەو ڕێککەوتننامانەی کە هەمانە لەگەڵیاندا هەمانە دەکەین.

ڕەچاوی دۆخی ناوخۆی یەکێتی و ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لەگەڵیاندا هەمانە دەکەین

هیچ کات مەرجی ئەوەمان نەبووە کە نابێت وەزیرەکانی ئەم کابینەیە، کاندید بکرێنەوە، ئەگەر کەسێکیش وای گوتبێت، ئەوە بۆچوونی خۆی بووە، قسەی ئێمە ئەوەیە دەبێت کەسی شارەزا و

مەرجی ئەوەمان نەبووە کە نابێت وەزیرەکانی ئەم کابینەیە کاندید بکرێنەوە، بەڵکوو قسەی ئێمە ئەوەیە دەبێت کەسانی شارەزا و بە توانا کاندید بکرێن

دوانی پێ ساغ نەبووبێتەو یا هێشتا بڕیاری نەدابێت، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە کابینە پێکبێت و دواتریش کە پۆستە بەتاڵەکان مایەوە، پڕبکرێتەوە، من وای بۆ دەچم نەگاتە ئەو ئاستەش. باسی لەوەشکرد هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە لەم چەند ڕۆژەی ئەم مانگەی ماوە، پێش دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان تا کابینەکانی پێشووش ئەم سەردانانە کراوە.

سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکوومەت دەیەوێت کابینەیەکی بەهێزی هەبێت

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا کاندیدی ڕاسپێراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ ئەو لایەنانە مافی ئەوەی هەیە کە تێبینی لەسەر کاندیدی پۆستەکانی لایەنەکانی تر هەبێت؟ مەحمود محەمەد گوتی: هەر کەسێک کە سەرۆکایەتی کابینەیەک وەردەگرێت، دەیەوێت سەرکەوتوو بێت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی وەک کارنامەی حکوومەت کە لەگەڵ لایەنەکان ڕێکدەکەون، دەیەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بەو کەسانە هەیە کە شارەزایی و توانای کارەکانیان هەبێت، دەکرێت هەر بۆ نموونە کەسێک بۆ کاریگی ئەندازیاری دانرابێت، بەڵام هیچ شارەزایی لە ئەندازیاری نەبێت، بۆیە ڕەنگە ئەو گفتوگۆیە بکرێت، بەڵام ئەو حزبانە خۆیان بەرپرسیارن لە دیاریکردنی کاندیدەکانیان، دەبێت ئەو مافەش بە سەرۆکی کابینەی داهاتوو بدرێت کە دەیەوێت کابینەکەی کار بکات و ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی جێبەجێی بکات و خزمەتی خەڵکی پێبکات، بۆیە ڕەنگە سەرۆکی ڕاسپێردراو تێبینی هەبێت لەسەر ئەو کاندیدەی دیاریکراو تا گونجاندن و هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ ئەو کارەی بۆی دیاریکراوە.

پارتی ناوی کاندیدەکانی ئامادەیە بۆ ئەوەی ڕادەستی سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکوومەتییان بکات

هەرێم چارەسەرێکی بۆ داندراوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کەرکووک کە پەیوەندی هەیە و پێشنیاریش هەیە و پێشتر لەسەر کەسێک ڕێککەوتن کرابوو، بەڵام دیارە برادەرانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پێی ڕازی نەبوون، ئێستاش ئەو بابەتە هەر لە ئاراداییە و ئەوان دەسەڵاتیان پێ دراوە کە ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، باشتریشە هەر لە نێوان (سەرۆک بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ) چارەسەر بکرێت، نەک بۆچوونی ئەو هەموو مەکتەب سیاسییەی پارتی و یەکێتی بێنە ئاراوە.

کاندیدی پارێزگاری کەرکووک

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا پارتی ڕەزامەندی دەنوێنێت لەگەڵ هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەت ناوی کاندیدەکەی یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک پەسەند بکات؟ مەحمود محەمەد گوتی: با شتەکە وا لێبکەین کاندیدەکە (کاندیدی پۆستی پارێزگاری کەرکووک) دەبێت کاندیدی هەردوولامان بێت، واتە ئەمە وای لێ نەیەت کە یەکێتی بڵێت ئەم کاندیدە دەبێت هی من بێت و من داینێم، ئەگەر کاندیدی

خەڵکانی دەڕەوەی پارتیش سیفییان پێشکەش کردووە

پۆستی پارێزگاری کەرکووک هی یەکێتی بووایە و بۆی دابنرایە من دڵنیام (ئەو قسەیە ڕەنگە برادەرانی یەکێتی پێیان ناخۆش بێت) بەس دڵنیاین ئەوەندە لەسەر ئێمە ڕانەدەوستان بۆ ئەوەی کاندیدی خۆیان بکەن بە پارێزگاری کەرکووک، بەڵام لەگەڵیان دەیکەین، بەڵام با بەو زمانە قسە بکەین کە کاندیدی پارێزگاری کەرکووک کاندیدی تەوافوقی ئێمە و یەکێتی و هەتا لایەنەکانی تریش و پێکهاتەکانیش بێت تا بتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و کاریگەری هەبێت و پشتگیری بکرێت، جگە لەوەی لەم بابەتەدا ئێمە بە تەنها نین، بەڵکو پەیوەندی بە بەغدایشەوە هەیە، چونکە دەبێت فرمانی بووون بە پارێزگاریشی لە بەغداوە بۆ دەربچێت، ئەمەش کێشەیەکە کە دەبێت زەمینەسازی بۆ بکەین تا بتوانین ئەوەش بکەین.

فەرەیدوون عەبدولقادر کاندیدی پارتی و یەکێتی بوو

مەحمود محەمەد لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتیشی: بۆ نموونە کاک فەرەیدوون عەبدولقادر کاندیدی هەردوولامان بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بوو، بەڵام کاتێک بە کاک مەسعوودییان گوت، گوتی: مرۆڤێکی نیشتمانی و تێکۆشەرە و دەتوانێت لەگەڵ بەغدا و پێکهاتەکان هەڵبکات، هەم شارەزایە لەوێ لە دایک بووە و لەوێ گەورە بووە و بەرپرسی هەرە زۆری ئەو ئەندام مەکتەب سیاسییانەی ئێستای ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بووە، بەڵام یەکێتی پەشیمان بووەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنمان لەسەر کرد، بۆیە مەبەستمان لە ڕێککەوتن ئەوەیە نەک تموحی کادێرێک لە شوێنێکەوە کە پێی خۆش بێت بێتە پارێزگار و هەموو ئەو خاڵانەی تێدا نەبێت کە پێویستە لە پارێزگارێکدا هەبێت.

پێری زەردەشتییەکانی هیندستان بۆ خەبات:

کوردستان جێگەی هیوایە بۆ هەموو مرۆڤدۆستان

خەبات- مەریوان تەقشبەندی

پیر و گەورە مەرجەعی زەردەشتییەکانی هیندستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بۆ مێژووی ئالۆزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و تەئکید دەکاتەوە کە کوردستان جێگەی هیوایە بۆ هەموو مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازان.

ڕاجی ئاکارا پیر و گەورە مەرجەعی زەردەشتییەکانی هیندستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێجگار ئالۆز بووە و ئەو گەلەی لەو ناوچەدا بەزوڵملێکراوی مابێتەوە گەلی کورد کە زۆربەی هەرەزۆریان کاتی خۆی زەردەشتی بوون و سەردەرای گۆڕانکاری گەورەی سیاسی و سەربازی و دیموگرافی، بەڵام هێشتا بەخۆڕاگری ماونەتەوە، هەروەها گوتی: بەداخەوە گەلی کورد سەردەرای ئەو خەباتە دوورودرێژەی، بەڵام هێزەکانی ناوچەکە کردوویانە بەژێر خواستی ئابووری و سیاسی و مەزهەبی خۆیان و لەوەشدا سوودیان لەپەرتەوازەیی ئەم گەلە بینیوە. ئاکارا لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێ: ڕەنگە مانەوەی کورد بەم زوڵملێکراویە بەردەوام نەبێت و گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی گەلی کورد دەبن، بەڵام زۆر گرنگە سەرکردایەتیی گەلی کورد و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن لە هەر ئەگەر و پێشهاتێکی ئایندە و لەو ڕۆژانەی ڕابردووش لە میدیاکانەوە هەواڵی هەڵبژاردنی کوردستان و سەرۆکی نوێی هەرێمی بینی زۆر دڵخۆشم بە پرۆسەی ئارامی و دیموکراسی لە کوردستان، هیوادارم ڕۆژێک بتوانم سەردانی کوردستان بکەم و بە زەردەشتییەکان و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان شاد بم.





میسر.. محەمەد مورسی لەکاتی دادگاییکردنی کۆچی دوایی کرد

ئێوارەی دوێنێ دووشەمە 2019/6/17 میدیای میسری و جیهانی بڵاویانکردەوە کە محەمەد مورسی سەرۆکی پێشووی میسر لەکاتی دادگاییکردن و دوای 20 خولەک قسەکردن لەبەردەم دادوەر لە هۆش خۆی چووە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە. محەمەد مورسی لە دوای لە کارلادانی حوسنی موبارەک، لە هەڵبژاردنی 2011ی میسر، دەبێتە سەرۆکی ئەو وڵاتە و پاشان لەلایەن دەسەڵاتی سوپاوە بەهۆکاری ئەوەی دەستی لە تیرۆرو کوشتنی هاووڵاتیانی میسر هەبووە، لەسەر کار لادرا و خرایە زیندانەوە. محەمەد مورسی لە ساڵی 1951 لە پارێزگای شەرقیە لە دایکبووە، خێزاندار بوو، باوکی پێنج منداڵ بوو.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیاریکرد



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڕیاریدا ڕۆژی 20ی نیسانی2020 هەڵبژاردنێکی دیکە لە عێراق بکرێت. بەپێی هەواڵێکی کەناڵی (عێراقیە)ی نیمچە فەرمیی عێراق کە لە زاری حازم ردینی، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانەوە باڵاوی کردووەتەوە، ڕێککەوتن کراوە لەسەر ئەوەی ڕۆژی 2020/4/ 20 هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بکرێت، بەڵام ئەو لایەنەی ئاشکرا نەکردووە کە لەگەڵ کۆمیسیۆن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو بەرواره ڕێککەوتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە چەند هەواڵێک هەبوو تاوەکوو لە کۆتایی ئەمساڵدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی نائامادەیی کۆمیسیۆن و بارودۆخی بەشێک لە پارێزگاکانی عێراق، ئەمە نەکرا.

ئەڵمانیا داوا لە ئێران دەکات پابەندی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی بێت

گوتەبێژی حکوومەتی ئەڵمانیا، ستیفن سایبەرت لە ناوەندی ڕاگەیاندنی فیدراڵی لەبارەی لێدوانی حکوومەتی ئێران کە بەرهەمهێنانی پیتاندنی یۆرانیۆم زیادەدەکات و لە27 حوزەیراندا لەو ئاستە تێپەڕیدەکات کە لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی 2015دا سنووردار کراوە، ڕایگەیاند کە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئەوە دەستنیشان دەکات کە ئاخۆ ئێران پابەند بووە یان نا بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمییەوە و گوتی: "چاوەڕوانی و داواکارییمان لە ئێران ئەوەیە پابەند بێت بە ڕێککەوتننامەکەوە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، ماریا ئەدەباهر ئاماژەی بەوە دا کە بە ئێرانیان ڕاگەیاندووە پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە بەرژەوەندی ئەوروپا و ئێرانیش دایە و گوتیشی: لەم چەند هەفتەی دواییدا هەڵوێستی ئەڵمانیا لەبارەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی خراوەتەڕوو. بینینی هەڵوێستی ئێمەیش لەلایەن ئێرانەوە گرنگە.

سودان..

لێکۆڵینەوە لەگەڵ عومەر حەسەن بەشیر کرا



بریکاری داواکاری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە خەرتووم، عەلائەددین دەفعوڵڵا ڕایگەیاند، سەرۆکی لەکارلابراوی سوودان، عومەر حەسەن بەشیر هێنراوەتە بەردەم داواکاریی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. ئەم دەرکەوتنەی بەشیر بە یەکەم دەرکەوتنی ناوبراو دادەنرێت دوای ئەوەی لە 11ی نیسانی ڕابردوو بە کودەتای سەربازیی لەکارلابرا. دەفعوڵڵا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، سەرۆکی پێشوو هێنرایە بەردەم داواکاریی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەپێی ماددەکانی 5 و 6 و 9 بە تۆمەتەکانی هەڵگرتنی دراوی بیانی و سامانی نایاسایی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، و پارێزەرانیشی ئامادەی دانیشتنەکە بوون.هاوکات پۆلیسی سوودان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، عومەر حەسەن بەشیر لەژێر ڕێوشوێنی ئەمنی تووندا بردرایە بەردەم داواکاری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا. هەروەها تەلەڤیزیۆنی سوودان بۆ یەکەمجار گرتەی ڤیدیۆیی سەرۆکی لەکارلابراوی سوودان، عومەر حەسەن بەشیری لەناو بەندیخانە بڵاوکردەوە.

پەیمانگەیەکی نێودەوڵەتی: ئیسرائیل خاوەن 80 بۆ 90 کلاوەی ئەتۆمییە

پەیمانگەی ستۆکهۆڵمی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی ئاشتی ڕایگەیاند کە ئیسرائیل خاوەن 80 بۆ 90 کلاوەی ئەتۆمییە. پەیمانگەکە ڕاپۆرتی ساڵانەی لە بارەی چەکی ئەتۆمی لە جیهان بڵاوکردووە و تیادا ئاشکرایکردووە کە ئیسرائیل سیاسەتێکی دوور مەواد پەیڕەو دەکات سەبارەت بە ئاشکرانەکردنی جبەخانە ئەتۆمییەکەی. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "هەر یەک لە ئەمەریکا، ڕووسیا، بەریتانیا، فەڕەنسا، چین، هیندستان، پاکستان، ئیسرائیل و کۆریای باکوور تا کۆتایی ساڵی 2018دا خاوەن چواردە هەزار و 465 کلاوەی ئەتۆمی بوون، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە ئەو ژمارەیە کەمبووەتەوە و گەیشتووەتە سێزدە هەزارو 835 کلاوەی ئەتۆمی کە سێ هەزار و 750یان لەگەڵ هێزی کارپێکردندا بڵاوەیان پێکراوە و نزیکەی دوو هەزار کلاوەی ئەتۆمی دیکە لەگەڵ ئەوەی پارێزراون، بەڵام خراونەتەوە ئەوپەڕی حاڵەتی ئامادەباشییەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی پەیمانگەی ستۆکهۆڵمی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی ئاشتی هەروەها هاتووە "کەمکردنەوەی ژمارەی چەکی ئەتۆمی لە جیهان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەمەریکا و ڕووسیا دەگەڕێتەوە، چونکە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پەیماننامەی کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمی کە لە ساڵی 2010دا لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا واژووکرابوو، بە شێوەیەکی بەرچاو هێزی ئەتۆمی لە جیهاندا کەمبووەتەوە. سەبارەت بە ئیسرائیلیش لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لەئێستادا، ئیسرائیل خاوەن 80 بۆ90 کلاوەی ئەتۆمییە. جێی باسە ئیسرائیل لەبارەی توانا ئەتۆمییەکانی، سیاسەتی بێ دەنگی پەیڕەو دەکات، بەو پێیەی ڕەتی دەکاتەوە هیچ زانیارییەک لەوبارەوە بدرکێنێت یان ئاشکرا بکات.

هەنا ئەدوەرد بۆ خەبات:

ئەوانەی لە بەغدا هەوڵی کوشتنیان دام دەزانن دەستی دادگا نایانگاتێ





خەبات- مەریوان تەقشبەندی

سکرتێری کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان لە دوای پێشکەشکردنی گوتارێک لەناو گۆڕەپانی تەحریری بەغدا کە تێیدا ڕەخنەی لە حزبە مەزهەبییە ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکانی عێراق گرت و تۆمەتباری کردن بە دزینی سەروەت و سامانی عێراقییەکان و پشتگیریکردنی مەزهەبییەت و ئەو بێ سەروبەرییەی عێراقی تێدایە، لە کاتی پەڕینەوەی لە یەکێک لە شەقامەکانی نزیک ئەو گۆڕەپانە ئۆتۆمبێلێک بەخێراییەکی زۆر خۆی پێدا کێشا و دوای بە سەختی بریندارکردنی، بەجێی هێشت. لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، هەنا ئەدوەرد سکرتێری کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی لە نەخۆشخانەوە گوتی: زۆر جێگەی سەرسوڕمانە سستەمێکی گەورەی سیاسی کە حوکمڕانی عێراق دەکات لە بەغدا، بەڵام تەحەمولی ڕەخنەی ئافرەتێک نەکات و دڵنیام ئەوانەی هەوڵی کوشتنی منیاندا وەک زۆر تیرۆریست و تاوانبارتر لە عێراق دەرباز دەبن و دەستی دادگا و عەدالەت نایانگاتێ و دۆسێکە دەخەنە ئەستۆی (مجهول).

هەنا ئەدوەرد لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کرد کە هەواڵپرسیان کردووە و گوتیشی کاتێ گەیاندمیانە نەخۆشخانە هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو، دواتر بە ئازارێکی زۆرەوە بەهۆش خۆم هاتمەوە، زانیم کە قاچێکم شکاوە و جومجومەی سەریشم زۆر بە سەختی بریندار بووە و شانێکیشم شکاوە و خوێنی زۆریشم لێ ڕۆیشتووە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا باری تەندروستیم جێگیرە، هەروەها گوتی: سوپاسی تایبەتیم بۆ ئەو هاوسۆزییە هەیە کە لە چالاکوان و لایەنە ڕەسمی و غەیر ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان ئاڕاستەم کراوە.

شایانی باسە هەنا ئەدوەرد ئافرەتێکی مەسیحییە و یەکێکە لە سەرکردە و چالاکوانە عێراقییە چەپەکان و ڕۆلێکی گەورەی هەبووە لە گوشارخستنەسەر حکوومەتی عێراق بۆ چاکسازی یاسایی و کۆمەڵایەتی و بەتایبەتیش چاکسازی لە یاساکانی مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەتان.



لە هەمبەر بنیاتنانی یەکەیەکی جوولەکەنشین بەناوی "ترەمپ"ەوە لە بەرزاییەکانی جۆلاندا

دۆنالد ترەمپ سوپاسی بێنیامین ناتانیاهو دەکات

لە هەمبەر بنیاتنانی یەکەیەکی جوولەکەنشین بەناوی "ترەمپ"ەوە لە بەرزاییەکانی جۆلاندا، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ سوپاسی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهوی کرد. ڕۆژی یەکشەمە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو بەردی بناغەی یەکەیەکی جوولەکەنشینی بەناوی "ترەمپ"ەوە لە بەرزاییەکانی جۆلاندا، دانا. دۆنالد ترەمپ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیوویەتی: سوپاسی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دەکەم و ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە لە بەرزاییەکانی جۆلاندا، یەکەیەکی نیشتەجێبوون بەناوی منەوە بنیات دەنرێت. جێی باسە پێشتر سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهۆ ڕایگەیاندبوو کە یەکەیەکی جوولەکەنشین لە بەرزاییەکانی جۆلاندا بەناوی ترەمپەوە بنیات دەنێت ئەویش وەک سوپاسگوزارییەک لە هەمبەر ئەوەی کە ترەمپ لە مانگی ئاداری ڕابردوودا، سەروەریی ئیسرائیلی بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان ناساندبوو.

بەڕێسی لقی دوو ڕاگەیاندنی سەربازیی لەشەڕی داعش بەرز نرخاند



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەڕێسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبوونی ئاریان سەلاحەدین کارگێڕی لقی دوو، پێشوازی لە عەمید هەڵگورد حیکمەت بەڕێوەبەری پێشووی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کرد.

لەو دیدارەدا، بەڕێسی لقی دوو ستایشی ڕۆڵی عەمید هەڵگورد حیکمەت وێڕای ئەوەی سوپاسی بەڕێسی لقی دووی کرد بۆ پێشوازی و ستایشەکەی، دووپاتی کردەوە هەمیشە کارکردن لە بواری ڕاگەیاندنی سەربازیدا ئەرکێکی هەستیارە، بۆیە هەوڵیانداوە زۆرترین زانیاری ڕاست و دروست بگەیەنن خەڵکی کوردستان لەبارەی پێشوەچوونەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرامبەر تیرۆریستانی داعشدا.

هەڵگورد حیکمەت وێڕای سوپاسی بەڕێسی لقی دووی کرد بۆ پێشوازی و ستایشەکەی، دووپاتی کردەوە هەمیشە کارکردن لە بواری ڕاگەیاندنی سەربازیدا ئەرکێکی هەستیارە، بۆیە هەوڵیانداوە زۆرترین زانیاری ڕاست و دروست بگەیەنن خەڵکی کوردستان لەبارەی پێشوەچوونەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جیهانیش شەڕ. گۆڕانکارییەکانی شەڕ.

لە بەرامبەردا، عەمید هەڵگورد ڕوونی کردەوە، کە لە ڕۆژانی شەڕی تیرۆریستانی داعشدا توانی زۆرترین زانیاری لەبارەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و پاشەکشەی داعش بە خەڵکی کوردستان بدات، سەرباری هەماهەنگی و هاوبەشیکردنیان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پێدانی زانیاری دروست بە میدیاکانی کوردستان و جیهانیش لەبارەی گۆڕانکارییەکانی شەڕ.

لە بەرامبەردا، عەمید

پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا شاندەکێ لیژنا بلند یا ئاکنجییونێ ل ئیراقێ کر



خەبات ـ دهۆک: دوهی فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا شاندەکێ لیژنا بلند یا ئاکنجییونێ ل ئیراقێ ب سەروکاتیا لیواعبدالکریم الشاوی کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماژەبونا بەهزار عەلی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ و هاریکارا ڕێڤەبەرێ ڕێکخراو ا UNHCR ل بەغدا بەحسێ ڕەوشا پەنابەران ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ و ئەو کار وخزمەتا بو دهێتە پێشکێشکرن دواریّ مروڤایەتی دا هاتە کرن.

پێدانا کارتا چەسپاندنا مافێن کەسایەتی یێن پەنابەران ژلایێ لیژنا ناڤبری ل ئیراقێ وکوردستانێ ب گشتی ول سنورێ پارێزگەها دهۆکێ ب تایبەتی هاتە کرن. سەروکێ لیژنا ناڤبری سوپاسیا پارێزگەرێ دهۆکێ وهەموو سازیێن میری یێن پەیوەندیدار ل سنورێ پارێزگەهێ کر کو گەلەک دهەڤکار و هاریکاربوینە دگەل تیمێن لیژنا بلند یا ئاکنجییونێ ل دهڤەرێ وخواست ئەو هەڤکاری و هاریکاری دگەل تیمێن وان یا بەردەوامبیت هەتا کار وئەرکێن لیژنێ ب دوماهی دهێن. ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەردانا شاندێ ناڤبری دیارکر ودەست خوشی ل تیمێن کاری کر وتەکەزکر کو هەموو ئاسانکاری ژلایێ فەرمانگەهێن پارێزگەهێ دگەل تیمێن لیژنا بلند یا ئاکنجییونێ دێ هێنە کرن هەتاپرسا ناڤبری ب دوماهی دهێت.

حکوومەت پارەی تەرخان کردووە

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە: گۆڕانکاری لە دروستکردنی ڕێگاکان دەکرێت



بەرێکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری ڕێگاوبان گوتی: ئەگەر قەیرانی دارایی نەبووایە، تاوەکو 2017 بڕیار بوو بە بڕی 20 ترلیۆن دینار ڕێگاوبان لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێن، بەڵام ئێستا جارێکی دیکە دەستی پێکردۆتەوە و ئەمجارە بە جۆرێک دروست دەکرێن، کە بە چەندین ساڵ تێک ناچن.

سدقی ئامێدی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: دوای چەندین کۆبوونەوە، بڕیار درا کە سەرجەم ئەو ڕێگایانەی لە هەرێمی کوردستان کە تێکچوون، نۆژەن بکرێنەوە و چەندین ڕێگای نوێش دروست دەکرێن، لەوانە ڕێگای هەولێر بۆ دهۆک و هەولێر بۆ کۆیە و چەندین ڕێگای تریش، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارەی بۆ تەرخان کردوون و دەست بە دروستکردنیان کراوە و بڕیارشە زۆرینەی ڕێگاکان ئەمساڵ نۆژەن بکرێنەوە.

ئامێدی گوتیشی: ئەو ڕێگایانەی ئێستا دروست دەکرێن، بە تەکنەلۆژیایەکی نوێیە، بۆ نموونە لە ڕێگای باتێل بۆ زاخۆ و ڕێگای کۆیەش پۆلیمەر بەکار دەهێندرێت، کە لەمەودوا بۆ هەموو ڕێگاکانیش ئەو پڕۆژانە بەکار دێت، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین ساڵ ڕێگاکان تێک نەچن. ناوبراو باسی لەوەش کرد، دروستکردنی ڕێگاکان پارەیەکی زۆری پێویستە و ئەو پڕۆژانەی بە هۆی قەیرانی دارایییەوە وەستابوون و بڕیار بوو تاوەکو 2017 تەواو بکرێن، بە بڕی 20 ترلیۆن دینار بوون، چونکە هەر100 کم دروستکردنی ڕێگا، پێویستی بە 400 ملیۆن دۆلار هەیە، بۆیە پارەیەکی زۆریان پێویستە.

دوای چوار ڕۆژ لە ونبوونی، تەرمی منداڵێک لە گەلی سەکران دۆزرایەوە

دوای چوار ڕۆژ لە گەڕان بە دوای تەرمی منداڵێک، کە ڕۆژی هەینی کەوتبوە نێو ڕووبارێ گەلی سەکران لە سنووری قەزای چۆمان، کاتژمێر 10:30ی خوولەکی پێش نیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە لە دووری سێ کیلۆمەتر دوورتر لە شوێنی ڕووداوەکە، دۆزرایەوە. ڕائید ئەحمەد نەجات، ئەفسەری بەرگری شارستانی چۆمان، بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاندوە: چوار ڕۆژە بەردەوام تیمەکانمان لەناو ڕووبارەدا خەریکی گەڕانبوون بەدوای تەرمی منداڵەکە، لەهەندێک شوێنیش کە گومانمان هەبوو ئامێری حەفارەمان بەکارهیناوە، خۆشبەختانە دوێنێ دووشەمە تەرمەکەمان دۆزیەوە. ئارام هێمن، تەمەن چوار ساڵ، لەگەڵ خانەوادەکەی کە تاقانەی دوو خوشکە، بۆ گەشت و سەیران لە چەمچەمالەوە سەردانی هاوێنەهەواری گەلی سەکرانیان لە سنووری بالەکایەتی کرد، ڕۆژی هەینی ڕابردوو کەوتنە نێو ڕووبار

ژمارەیەک لە هاووڵاتیان گلەیی و گازندەیان لە خوێندنەوەی پێوەری ئاو هەیە



بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر:

هەر هاووڵاتییەک گلەیی و گازندەی لە پێوەری ئاو یاخود هەرکێشەیەک هەیە ئەوا دەتوانێ سەردانمان بکات تا چارەسەری کێشەکەی بۆ بکەین



ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی شاری هەولێر پەیوەندییان پێوەکردین سەبارەت بە کێشەی پارەی ئاو، کە لە ئێستادا بۆتە پێوەر و بە وتەی هاووڵاتیان دوای بەستانی پێوەری ئاوی ماڵان و لە کاتی کۆکردنەوەی پارەی ئاو بە پێوەر، پارەیەکی زۆر لەسەر هاووڵاتیان کۆبۆتەوە و گلەییان لە هاتنەوەی ئەو پارە زۆرە هەیە بۆ ئەم مەبەستەش وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو بەدواداچوونەمان کرد و بڕیارە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێرمان کرد بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بخەینە بەردەمی بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر.

سەرەتای ڕاپۆرتەکەمان بە وەرگرتنی گلەیی و گازندەی هاووڵاتییان دەست پێکرد، لە گەڕەکی عەدالەی کۆن، مام خدر قورشاغلویی گوتی: ماوەیەکە ئەو خانووەم کڕیوەو بڕی 300 هەزار دینارم بۆ هاتۆتەوە و هۆکارەکەشی نازانم، پێویستە فەرمانگەی ئاوی هەولێر بەدواداچوون بۆ هاتنەوەی ئەو پارە زۆرە بکات هەر تەنها ئەو پارە زۆرە بۆ من نەهاتۆتەوە بەڵکو چەندین هاووڵاتی گلەیی لە هاتنەوەی پارەی زۆری ئاوی ماڵان هەیە.

مام کەریم گوتی: داوا لە ئاوی هەولێر دەکەم کە کێشەیە بخەینە بەردەمی بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر.

سەرەتای ڕاپۆرتەکەمان بە وەرگرتنی گلەیی و گازندەی هاووڵاتییان دەست پێکرد، لە گەڕەکی عەدالەی کۆن، مام خدر قورشاغلویی گوتی: ماوەیەکە ئەو خانووەم کڕیوەو بڕی 300 هەزار دینارم بۆ هاتۆتەوە و هۆکارەکەشی نازانم، پێویستە فەرمانگەی ئاوی هەولێر بەدواداچوون بۆ هاتنەوەی ئەو پارە زۆرە بکات هەر تەنها ئەو پارە زۆرە بۆ من نەهاتۆتەوە بەڵکو چەندین هاووڵاتی گلەیی لە هاتنەوەی پارەی زۆری ئاوی ماڵان هەیە.

مام کەریم گوتی: داوا لە ئاوی هەولێر دەکەم کە بەدواداچوونمان بۆ بکات لەسەر هاتنەوەی ئەو پارە زۆرەی ئاو، من 320 هەزار دینارم بۆ هاتۆتەوە و ئەو پارەیەم بەلاوە زۆرە.

قادر دانیشتوویەکی دیکەی گەڕەکی عەداله بوو و گوتی: پێویستە ئەوەی پارەی زۆری بۆ هاتۆتەوە پارەکە بەقیست بدات لەبەر ئەوەی هەندێ کەس پارەیەکی زۆریان بۆ هاتۆتەوە.

لوقمان شێخانی لە گەڕەکی نەورۆز گوتی: ماوەیەکە پێوەرم بەستاوە و بڕی360 هەزار دینارم بۆ هاتۆتەوە و هۆکارەکەی نازانم، دەبووایە فەرمانگەی ئاوی هەولێر هاوکاری هاووڵاتییانی بکردایە تا ئەو هەموو پارەیە لەسەر هاووڵاتیان کۆنەبێتەوە.

عوسمان یەکێکی دیکەی گەڕەکی نەورۆز بوو و گوتی: بۆئەو جارە بڕی280 هەزار دینارم بۆ هاتۆتەوە و پارەکەش زۆرە و توانای دانی ئەو هەموو پارەیەم نییە نازانم چی بکەم؟

سەبارەت بە گەیاندنی گلەیی و گازندەی هاووڵاتییان بەڕێوەبەرایەتی سەردانی ئاوی هەولێرمان کردو لە وێدا ئەندازیار ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر گوتی: ئاو بە دوو شێواز بۆ هاووڵاتییان دابین دەکرێت، یەکێکیان بەهۆی بیرە ئاوەکانی ناو گەڕەکەکانە و ئەوەی شاری هەولێر لە زیادبوونداید و هەولێ ئەوەش دەدەین بە هۆی پڕۆژەی ئاوی ئیفراز بە چەند قۆناغێک ئاو بگەیەنینە هاووڵاتیان.

گوتیشی: ئەو پڕۆژەیە کەوتۆتە گوندی ئیفراز لەسەر زێی گەورە و بریتیە لە سێ پڕۆژە وەک پڕۆژەی ئاوی ئیفراز یەک و پڕۆژەی ئاوی ئیفراز دوو لەگەڵ پڕۆژەی ئاوی ئیفراز سێ کە لە 60%ی لەساڵی2006 تەواوبووە و لە 40%کەی دیکەی ئەو پڕۆژەیە لەساڵی 2015 تەواوکراوە و لەئێستاشدا هەرسێ پڕۆژەکەی ئاوی ئیفراز بە هەموو توانای خۆیان کاردەکەن و لەخزمەتی هاووڵاتیان دایە.

ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر سەبارەت بە پلان و بەرنامەیان بۆ داهاتوو ڕونیکردەوە: بەپێی پلان و بەرنامەی خۆمان لە پلانمان دایە کە گرنگی بە ئاوی سەرزەوی بدەین و ئاوی ژێرزەوی دابخەین، وەک ئەنجامدانی پڕۆژەی ئاوی هەولێر چوار کە پڕۆژەیەکی زۆر گەورەیە و توانای

بەڕێسی لقی دووە: خەڵکی کوردستان متمانەی ئاوەدانی و گەشانەوەی زیاتری بە حکومەتی نوێ هەیە



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەڕێسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کردستان لە مەراسیمێکدا لە لیژنەی ناوچەی ڕزگاری و بە ئامادەبوونی کارۆخ سەعید بەڕێسی لیژنەی ناوچەی ناوبراو و هەڤاڵانی لیژنەی ناوچە، ڕێزی لە ژمارەیەک هەڤاڵ و کادیری سەر بە لیژنەی ناوچەی ڕزگاری گرت کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوەی جەماوەرێکی زۆر بێتنە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەو مەراسیمەدا، وێڕای وتەی کارۆخ سەعید بەڕێسی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری کە باسی ئامانجی ڕێکخستنی مەراسیمەکەی کرد.

ئەحمەد کانی بەڕێسی لقی دوو لە وتەیەکدا ستایشی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری کرد بۆ ڕێکخستنی مەراسیمەکە و پێی وابوو ڕێزگرتن لە کادیرانی بە توانا و دڵسۆز، زیاتر هانیان دەدا لە جەماوەر نزیک ببنەوە و ببنە پردێکی گەیاندنی خواست و داواکانی هاوواڵتیان بە حکومەت و چارەسەر کردنیان.

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا، بەڕێسی لقی دوو ئاماژەی بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان کرد بە سەرۆکایەتی بەڕێز مەسرور بارزانی کە بۆتە جێی دڵخۆشی خەڵکی کوردستان و هەموان ئومێدیان بەوە هەیە ئاینەدەی هەرێمی کوردستان گەشتر و ئاوەدانتر بێت، بەتایبەت لە باشبوونی بارودۆخی ئابووری و بژێوی ژیانی هاووڵاتیان.

بەڕێسی لقی دوو جەختی لەوە کردەوە ئەو ڕێزلێنانە لە هەڤاڵ و کادیران، داننانە بە سەرکەوتنی ئەوان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیان بووە بۆ خزمەتکردنی پارتەکەیان و هاووڵاتییانیش.

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازی ل مەڵا عبدالله ئاکرەیی، سەروکێ ئێکەتیا زانایێن ئایینیێ ئیسلامێ ل کوردستانێ و تایێ ئاکرێ و هژمارەکا ماموستایێن ئایینی کر، دەستپێکێ بەڕێسێ لقێ بخێرهاتنا وان کر و گوت: ماموستایێن ئایینی هەر ل شورەشێن گەلێ کوردستانێ و هەتاکو نوکە ڕوڵەکێ بەرچاڤ هەبوو و ئەڤرو ژی پتر ژ هەر دەمەکێ دی ماموستایێن ئایینی دقێت مینبەرێن خوە بێخنە د خزمەتا ئاخ و نیشتمان و نەتەوا خودا بن چونکی بۆ ڤێ ئازادی و پاراستنا کەرەمەتا مرۆڤێ کوردستانی گەلەک قەهرەمانا سەرێ خوە دانایە و دقێت ئەم هەمی زێرەڤانێن ڤێ پارستنێ بین، ژلایێ خوەڤە ئامادەبوویا سوپاسیا بەڕێسێ لقێ کر و گوت: جەنابێ هەوە ڕوڵەکێ بەرچاڤ هەبوویە چ ل بەرگری کرنا ئاخی بیت و یان ژی خزمەتکرنا خەلکێ ڤێ دەڤەرێ بیت دیسان دەست خوەشی ل بەڕێسێ لقێ کر ژ بۆ وی بەرنامێ لقا ئێک یێ ڕێک و پێک د مەهـا ڕەمەزانێ دا پێشکرێش کری. لەلایەکی دیکەوە، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشواز یا فەرهاد ئەتروشی پارێزگارێ دهوکی کر، دڤێ هەڤدیتنێ دا هەردوو ئالیان گفتوگو و گەنگەشە لسەر ڕەوشا پارێزگەهێ و خاست و پێتڤیی یێن خەلکی کرن و هەردوو لا هەفتابوون کو دگەل دەست بکاربونا حکومەتا هەرێما کوردستانێ هند پروژێن خزمەتگوزاری بێنە بجهئینان کو خاست و پێتڤی یێن ڕوژانە یێن هاووڵاتیان بێنە چارەسەرکرن و ببنە هاندەر ژ بۆ کێم بوونا بێ کاریێ و ڕیێەکێ گەشتر بدەنە پارێزگەها دهوکێ.

بەڕێسێ لقا ئێک پێشوازیا ژمارەکا ئولداران کر



یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەتان دەست پێدەکاتەوە

بەریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دەست کراوەتەوە بە کارکردن لە بەشێک لەو پڕۆژە نیشتەجێبوونانەی کە حکومەتی هەرێم بۆ کەمدەرامەت و فەرمانبەران دروستیان دەکات.

ئاگرین عەبدوڵڵا، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: بەهۆی قەیرانی دارایییەوە هاوشێوەی پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت. بەشێک لەو پڕۆژە نیشتەجێبوونانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە سەرپەرشتیی دەکران، کارەکانیان وەستابوو، بەڵام ئێستا کاری بەشێک لەو پڕۆژانە لە سەرجەم شارەکان دەستی پێ کردووەتەوە. دوای تەواوبوونیشیان حکومەتی هەرێم بەگوێرەی ئەو پێوەرانەی کە دیاری کردووە دەیدات بە فەرمانبەران و خەڵکی کەمدەرامەت، یان ئەو کەسانەی هیچ جارێک لە حکومەت سوودمەند نەبوونە. بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایشی کرد: ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و زاخۆ و قەڵادزێ و هەڵەبجە چەند پڕۆژەیەک کەوتووەتەوە کار، کە پێشتر کارەکانیان وەستابوو.

دەربارەی نرخی ئەو شوقانەی حکومەت بە خەڵکی کەمدەرامەت و فەرمانبەرانی دەدات، ڕایگەیاند: بڕی پارەکە بەگوێرەی شوێنەکان دەگۆڕێت، بەڵام بە گشتی حکومەت بە 20 سااڵ پارەکە لە سوودمەندەکان وەردەگرێتەوە.

هەولێر.. ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە زیان بە چەند کابینەیەک دەگەیەنێت



خەبات ـ سەید فەخرەدین:

پێشنیوەڕۆی دوێنی 2019/9/17 لە دەرەوەی شاری هەولێر، چەند شوێنێک ئاگری گرت. لەمبارەیەوە، عەمید شوان بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: لەسەر ڕێگەی سەرەکی بەحرکە، دەوروبەری گوندی زێرین لە نزیک شاری مامۆستایان بەرانبەر گوندی لوبنانی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە ڕووی دا و بە هۆیەوە چوار کابینە ئاگریان گرت و خۆشبەختانە زیانی مادی کەم بوو و گیانش هیچ نەبوو. گوتیشی: لە لایەن تیمەکانمانەوە و بە هاوکاری کونسولیەی ئەمەریکا و ژینگەپارێزی شارەوانی توانرا بە زووترین کات ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت و ڕووداوەکە بە کەمترین زیان کۆتایی پێبهێندرێت.

سوپاس و پێزانین

بەناوی خۆمان و خانەوادە و بنەماڵەی حەوێزیان ڕێز و سوپاسمان ئاراستەی سەرجەم خزمان و دۆستان و ئەو کەسایەتییە بەڕێزانەی هاوخەمان بوون و بەشداربوون لە پرسەی باوکی خواڵێخۆشبوومان (ئەرشەد عەبدلوەهاب جەمیل ئاغای حەوێزی)، بە ئامادەبوون لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی خواڵێخۆشبووی باوکمان، یان لە پرسەکەی ئامادەبوون یان لە ڕێی نامە و پەیوەندیکردنەوەی تەلەفۆنی لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا بەسەریان کردینەوە و هاوخەمان بوون، دڵنەوایی و بەشداربوونتان، خەم و پەژارەی کۆستە گەورەکەی باوکمانی لەسەرمان سووک و کەم کردوە، هەڵوێستی جوامێرانەتان و بایەخدان بە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە جێگەی شانازی خۆشەویستمانە.

لە یەزدانی مەزن خوازیارین هەموو لایەک لەدەرد و بەڵا و ناخۆشی بەدوور بگری و بە ڕەحمەت و بەزەیی خۆی لە کۆچکردووانی هەموو لایەک خۆش بێت.

ئەمجەد ئەرشەد عەبدولوەهاب (شەماڵ حەوێزی)
لە جیاتی بنەماڵەی حەوێزیان

***

بە ناوی بنەماڵەکەمانەوە، سوپاس و پێزانینی زۆرمان ئاراستەی تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەین لە پای بەشداریکردن و هاوخەمیان لە پرسەی خاتوو (عائشە ڕەسول)، بە تایبەت هێز و پارتە سیاسییەکانی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان، وەزیر و پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حکوومی و حیزبی، فەرماندەی پێشمەرگە و پاسەوان و هاتوچۆ و پیاوانی ئایینی و کەسایەتییە کۆمەاڵیەتییەکان و تیرە و هۆزەکان و ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمان و تەواوی خەڵکی کوردستان، لە هەموو شارۆچکەکانەوە کە چ بە سەردان و بەسەرکردنەوە یان نامە و پەیوەندی تەلەفونییەوە بەشداری پرسەکەیان کرد، لە ئازار و خەمی لە دەستدانی خاتوو عائشەی خوشکانیان کەمکردەوە. جارێکی تر سوپاسیان دەکەین و خوا پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە.

بنەماڵەی کۆچکردوو
حەمە شوان ڕەسول، دوکتۆر تەها ڕەسول
دوکتۆرە شوکریە ڕەسول

***

بەناوی خوای گەورە و دڵۆڤانەوە

لەگەڵ پێزانینی زۆرماندا، ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسمان بۆ هەموو ئەو خزم و دۆست و کەسایەتی و لایەنانەی لە پرسەی کۆچی دوایی برای گەورەماندا (کاک ئەحمەدی حاجی حەمەباقی ئەمین وەیسی ڕازیانەیی)، بە هەموو جۆرێک، هەر لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و تەشریف هێنانیان لە شوێن و شارانی دوورەوە، بۆ بەشداریی لە پرسەکەماندا و سەردانی ماڵ لە سلێمانی و هەولێر و چ ئەو هاوخەمانەی بە پرسەنامە و بە تەلەفوون لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، هاوخەمییان کردین، سۆز و دڵنەوایییان، بوونە مایەی سەبووریی و هێوریی و دڵدانەوەمان، کە هەرگیز ئەم پەرۆشی و دڵسۆزییەیان لە یاد ناکەین و لەم بۆنەیەدا سوپاسی تایبەتی لایەن و ڕێکخراو و حیزبەکانی کوردستان: یەکێتی نیشتمانیی، گۆڕان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆشیالیستی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەکادیمیای کوردی، نووسەران و هونەرمەندان دەکەین و لەخوای گەورە تکا دەکەین لە خەم و ناخۆشی بیانپارێزێ و سوپاسمان بۆیان دووبارە دەکەینەوە.

لەجیاتی بنەماڵەی حاجی حەمە باقی ئەمین وەیسە ڕازیانەیی
محەمەد حەمە باقی



دەربەندیخان.. عەلی سوبحان 39 ساڵە کاری پینەچێتی دەکات

عەلی سوبحان هاووڵاتییەکی دانیشتووی قەزای دەربەندیخانە و ماوەی 39 ساڵە لە ڕێگەی کاری پینەچێتییەوە بژێوی ژیانی خێزانەکەی پەیدا دەکات. لەنێو دوکانێکی بچووکی قەزای دەربەندیخان 66 کیلۆمەتر باکووری ڕۆژهەاڵتی سلێمانی لە پێناو پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی دریژە بە پیشەیەک دەدات کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمبۆتەوە و بەرەو نەمان دەچێت، ئەویش پیشەی پینەچێتی و پینەکردن و دووریندەوەی پێاڵو و جانتای ئافرەتانە.

عەلی سوبحان لە دایکبووی ساڵی 1951ی دەربەندیخانە و ماوەی39 ساڵە کاری پینەچێتی دەکات و نەخۆشی و سەختی ژیان لە کارەکەی دانەبڕیوە.

ئەو لە بارەی سەرەتای کارەکەیەوە گوتی: لە ساڵی 1977 چوومە بەغدا و لە دوکانێکدا لەوێ فێری ئەم کارە بووم، دواتر لە ساڵی 1980 گەڕامەوە دەربەندیخان و دوکانێکم بۆ خۆم دانا و دەستم بە کاری پینەچێتی کرد و تا ئێستا بەردەوامم لەسەر کارەکەم.

پینەچێتی پیشەیەکی کۆنە و لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان زۆر کەس ئەو کارەیان کردووە و بە هۆی خراپی دۆخی ژیانی خەڵکەوە زۆرکەس ناچار بوو پێاڵو و جانتا و ئەو کەلوپەلانەی تری کە لە چەرم دروستکرابوون پینە بکات تا ماوەیەکی زیاتر بەکاریان بهێنێت، بەاڵم لەم ساڵانەی دوایدا و بە هۆی باشتربوونی دۆخی ژیانی هاووڵاتییان و بەرزبوونەوەی سەربەرەت بەگ لەیی هاووڵاتییان ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر گوتی: دوو جۆر پارەی ئاو هەیە یەکێکیان لەسەر پێوەر وەردەگیرێت هەیە قەرزی پێشووە ئەوەیان لەوانەیە هاووڵاتییان ئاگادارنەبووبن یاخود ئێمە لەو گەڕەکانە خوێنەری پێوەرمان نەبووە و بەشێکی زۆری ئەو خوێنەری پێوەرانەمان (عەدادانە) خانەنشین بوون و جێگرەوەیان نەبووە، حاڵەتی دووەمیش ژمارەیەک لە هاووڵاتییان گوێ لە ڕێنماییەکانی فەرمانگەی ئاو ناگرن، جگە لەوەش ژمارەی گەڕەکەکان زۆر زیادی کردووە و نەمانتوانیوە عەدادی بۆ دابین بکەین بۆیە لەمەودوا چارەسەری ئەوەش دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی داهاتی ئاو بەهۆی تاپۆوە توانرا ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەویش لەساڵی2016 لەمانگی هەشت، کاری تەسفیەی ئاو کرا، کە هاووڵاتی دێت بۆ پاکانە، ئەو کاتە پاکانەی ئاو دەکات و هەموو پارەی ئاو و قەرزی ئاوەکە بەتەواوی دەدات. چەندین ساڵ بوو ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان پارەی ئاویان لەسەر کۆببۆوە، ئەو کات پارەی ئاو بەپێی مەتر چوار گۆشە بوو ئەگەر خانووە کە 100 مەتر بووبێت 5 هەزار دیناری بۆ هاتۆتەوە ئەگەر 200 مەتری بووبێت ئەوا 10 هەزار دیناری بۆ هاتۆتەوە دیارە هاووڵاتییان پارەی ئاوی چەند ساڵیان لەسەر کۆبۆتەوە و هەر مانگێک پارەی نەدابێت ئەوا لەسەری تۆمار کراوە و پارەی لەسەر کۆبۆتەوە و حاڵەتی دووەمیش پارە کۆکردنەوە بە پێوەرە و پارەکە دەخوێنێتەوە و ئەوەی گلەیی هەیە دەتوانێ سەردانیمان بکات تا بەدواداچوونی بۆ بکەین ئەو پێوەرە لە ڕۆژی 8/31 ساڵی 2018 کاری کۆکردنەوەی داهات بە کۆمپانیای خەتیب و عەلەم درا بەم شێوەیە مانگی 9 و 10 و11 و 12 بەشێوەی مەتر چواگۆشە لەلایەن کۆمپانیا کاری بۆ کرا، بەاڵم هی مانگەکانی 1 و 2 و 3 و 4ی ئەمساڵ وەرگیراوەو هەرلەمان مانگەکانی 1 و 2 و 3 و 4 و 5 بەڕاورد دەکرێت، جیاوازی نێوان پارەکان لەو ماوەیە خوێندراوەتەوە بۆ هاووڵاتییان دەگەڕێندرێتەوە.

72هەمین ساڵیادی پەڕینەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە ڕووباری ئاراس

پەڕینەوە لە چەمی ئاراس بەرەو یەکێتی سۆڤییەت

بڕیارێکی مێژوویی چارەنووسساز بوو لەلایەن مەلامستەفا بارزانییەوە

کاروان محەمەد سینۆ



ئەمڕۆ ساڵیادی ڕۆژێک دەکەینەوە کە یادەوەری 62 ڕۆژی خەبات و بەرخودان و شەڕی دەستەویاخەی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانیەتی لە گەڵ سێ ڕژێمی دوژمن و داگیرکەری کوردستان. سێ دوژمن... کە تاکە ئامانجیان تەنها کوشتنی مەلامستەفا بارزانی و تواندنەوەی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد بووە. سێ دوژمن... سێ ڕژێمی دەوڵەتمەدار (ئیران ـ عێراق ـ تورکیا)... سێ سوپای بەهێز و زۆرێک لە بارودۆخی سروشتی ناڕەبار و برسێتی و تینوێتی و بێ چەک و تەقەمەنی و سەرما و بێ جلوبەرگی و بێ ئازوقە و دەرمان و بێ دۆست و هەڤاڵ، هەموو ئەمانە و چەندین بارودۆخی دیکە، بوونە دوژمن و نەیاری سەر و خوێنی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد 1946/12/17، لەو بارودۆخە نەیارەدا، مەلامستەفا بارزانی بڕیارێکی چارەنووسساز و لێهاتوو و هۆشمەندانەی دا، چالاک و قارەمانانە، خەبات و شۆڕشگێڕانە، بەپیادە و شەڕی دەستەویەخە لەگەل سەربازانی هەرسێ دوژمن و لەژێر بوردوومانی توپ و فڕۆکەی هەرسێ سوپای (ئیران ـ عێراق ـ تورکیا)، بارزانی خۆی و هەڤاڵانی لە قەتڵوعام ڕزگار کرد و لە ڕێچوونێکی ئەفسوناویدا بەردێژایی زیاتر لە (500 کیلۆمەتر) و شەڕی بەردەوام بۆماوەی زیاتر لە (62 ڕۆژ) خۆی و هەڤاڵانی گەیاندە ولاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران (روسیا)، کە ئەوکات یەکێتی سۆڤیەت ولاتی دۆست و لایەنگر و پشتوپەنای مللەتانی ژێردەست بوو؟!. بەم شێوەیە مەلامستەفا بارزانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی لە توانەوە و لەناوچوون ڕزگار کرد. چوونی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بەم شێوازە دراماتیکییە لە زانستی سەربازی و بزووتنەوەی چەکداریدا، تاکو ئێستا بۆتە نموونەی بەرز و سەرکەوتووی شەڕی پارتیزانی و گەوڕەیی و سەروەری و چۆنییەتی ڕابەراتیکردنی شەڕی پارتیزانی لە جیهاندا،هەروەها تاکو ئێستاش بەردەوام لێکۆڵینەوەی زانستیی سەربازی لەسەر وردەکاری ئەم ڕێچوونەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی دەکرێ. ئەمڕۆ 72هەمین ساڵیادی پەڕینەوەی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانییە لە ڕووباری ئاراس بۆ ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران.


کۆماری کوردستان لە خاچدرا

پاش ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری خۆی بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری ئازەربایجان لە تەبریز و کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕاگەیاندبوو، بەڵام پاش ئەوەی (قوام سەلتەنە) سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران پێشنیاری بۆ یەکێتی سۆڤیەت کرد کە لە ئێران بکشێتەوە و دەستبەرداری پاڵپشتی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بێت، لە بەرامبەردا ئێران مافی وەبەر هێنان و بەدواداگەڕان و هەڵکەندی بیرەکانی نەوتی ئێرانی بداتێ و هەروەها ئێرانی پەیمانی بە ڕوسیادا کە مافی خەڵکی ئازەربایجان و کوردستان لە ئێران دەستەبەر بکات و کێشەی کورد ئاشتیانە چارەسەر بکات. بەمشێوەی یەکێتی سۆڤیەت ژێر بەژێر ڕێکەوتنی لەگەڵ حکوومەتی ئێران واژۆو کرد. لەم ڕووەوە (ئەندرێ گرۆمیکۆ) نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی 26ی3ی 1946ڕایگەیان کە: "یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی شەش هەفتەدا، هەموو هێزەکانی خۆی لە ئێران دەکێشێتەوە". شایانی باسە.. وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر ڕێکەوتنی نێوان (قوام سەلتەنە) و یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە فێڵکی ژیرانەی (قوام سەلتەنە) بوو کەلە یەکێتی سۆڤیەت کرا (هەروەک دەڵێن گۆلێک بوو ئێران لە یەکێتی سۆڤیەت کرد). چونکە پاش کشانەوەی سۆڤیەت لە ئێران، خودی (قوام سەلتەنە) پەڵەمانی ئێرانی ئاراستەکرد کە دژی ئەم ڕێکەوتنە دەنگ بدەن و ئێران کشایەوە و دواتر ئەمریکا باڵی بەسەر ئێراندا کێشا. پاش کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، سوپای ئێران هێڕشی کردە سەر کۆماری ئازەربایجان و دواتر کۆماری کوردستان و لە17ی12ی 1946سوپای شاهانەی ئێران چووە ناو شاری مهاباد و داگیری کرد و پێشەوا قازی محەمەدی سەرۆک کۆمار و بەرپرسانی کۆماری کوردستانیان دەستگیر کرد و دواتر لە30ی3ی 1947لە سێدارە درا. بەم شێوەیە لەئەگەری بەرژەوەندییەکانی ولاتانی زلهێز و ڕێکەوتنی ژێربەژێر و خیانەت لە میللەتی کورد، یەکەم کۆماری کوردستان لە خاچ درا.

مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی خۆیان بەدەستەوە نەدا

مەلامستەفا بارزانی بەردەوام چاودێری ورد و درشتی بارودۆخی سیاسی و عەسکەری ئێران و ململانێی بریتانیا و ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا دەکر. دواجار لە 16ی12ی1946 مەلامستەفا بارزانی چووە لای قازی محەمەد بۆ تاوتوێکردنی هێرش سوپای ئێران بۆسەر کوردستان و پێشنیاری بۆ کرد کە خۆی بەدەست سوپای شای ئێران نەدات و بەیەکەوە ڕوولە شاخەکان بکەن، بەڵام پێشەوا قازی محەمەد بە مەلامستەفا بارزانی گوت: "لەپێناو پاراستنی خوێنی خەڵکی مهاباد، بەنیازم خۆم بدەستەوە بدەم و بۆ ئەم مەبەستە شاندێکم ناردووتە لای (جەنڕاڵ هومایۆنی) لە میان دووئاب"، دواتر پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان، ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت ڕادەستی ئەمەش دوایین دیداری نێوان مەلامستەفا بارزانی و قازی محەمەد بوو. ئینجا مەلامستەفا بارزانی مهابادی بەجێهێشت بەرەوە شاری نەغەدە. (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/1).

دواتر وێڕای دانوسانی نێوان بارزانی و شای ئێران و گفت و پەیمانی ئێران بە بارزانی و خانەوادەکانیان، بەڵام مەلامستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی هەرگیز متمانەیان بە گفت و پەیمانەکانی ئێران نەبوو و هەوڵیان دەدا بگەنە سنووری عێراق. بەڵام ئەوکات زستان بوو (کانوونی دووەم 1946) و بەفر هەموو ڕێگاکانی پۆشیبوو. بۆیە شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا بارزانی هەوڵیان دەدا کات بەدەست بێنن، جار بە دانوستان و جار بە هەڕەشە و بەرگری بەرووی حکوومەت و سوپای ئێران، هەوڵیاندا حکوومەتی ئێران بخافڵێنن تاکو بەهار و بەفر ڕێگاکان بەردەدات. بەمشێوەیە تاکو مانگی نیسانی 1947 کە ڕێگاکان کرانەوە، ئینجا شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلامستەفا بڕیاریاندا کە ماڵ و منداڵ و پیر و پەککەوتەی خانەوادەی بارزانییەکان بە یاوەری شێخ ئەحمەد بارزانی ڕوو لە عێراق بکەن، بەڵام مەلامستەفا و پێشمەرگەکانی خۆیان بەدەستەوە نەدەن. چونکە مەلامستەفا بارزانی دەیزانی کە خۆبەدەستەوەدانی بە (ئێران، عێراق، تورکیا) نەک تەنها دەبێتە مایەی کوشتن و لەسێدارەدانی، بەڵکو کوشتنی مەلامستەفا دەبێتە ئەگەری بنبڕکردن و توانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە تەواوی



ڕێڕەوی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت 21 ـ 18ی حوزەیران1947



ڕێچوونی پێشمەرگەکانی بارزانی لەنێو بەفرو سەرمادا
لە ئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

تەنانەت خودی (قوام) تۆمەت باریکەن بە خیانەتی گەڵ و ولات. بەم شێوەیە ڕێکەوتنەکەی نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر ڕێکەوتنی نێوان (قوام سەلتەنەت) و یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە فێڵکی ژیرانەی (قوام سەلتەنەت) بوو کەلە یەکێتی سۆڤیەت کرا (هەروەک دەڵێن گۆلێک بوو ئێران لە یەکێتی سۆڤیەت کرد). چونکە پاش کشانەوەی سۆڤیەت لە ئێران، خودی (قوام سەلتەنەت) پەڵەمانی ئێرانی ئاراستەکرد کە دژی ئەم ڕێکەوتنە دەنگ بدەن و یەکێتی سۆڤیەت مایەپوچ لە مەلامستەفا بارزنی کرد و پێی گوت: "ئەمە سومبولی کوردستانە و بە ئەمانەت ڕادەستی تۆی دەکەم، چونکە پێموایە تۆ شایستەترین کەسی کە پارێزگاری لێ بکەی"، کوردستان. چونکە بوونی بارزانی لە کۆماری کوردستان و چالاکییە سەربازی و سیاسییەکانی مەلامستەفا لەو ماوەیەدا ببووە مایەی هیوای دواڕۆژ لەلایەن هەموو تاکێکی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان، بەتایبەت چینی ڕۆشنبیر و سیاسی. بۆیە مەلامستەفا بەر لە ژیانی خۆی، بیری لە داهاتووی میللەتی کوردی و کوردستانی دەکردەوە و دەیزانی بە کۆشتنی ئەو، هیوای هەموکوردێک لە هەرشوێنێک لە گۆڕ دەنرێ، بۆیە مەلامستەفا بارزانی بە ڕاوێژ لە گەل جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی، بڕیاریدا خۆ بەدەستی عێراق و هیچ ولاتێکەوە نەدات.

ڕۆژی 10ی4ی 1946هەموو بارزانییەکان بە چەکدار و خانەوادەکانەوە گەیشتنە خاڵی سنووری ئێران و عێراق لە سەر چەمی (گادەر)، بارزانی و پێشمەرگەکان لە نزیک (گادەر) لەسەر سنور مانەوە تاکو هەموو خانەوادەکان لەوێ کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی بەیاروەری شێخ ئەحمەد بارزانی بپەڕێنەوە ناو خاکی عێراق.

ڕۆژی 16ی4ی 1947کە بەفر و باران تێکدا دەباری و بێبەرگی و برسێتی تەنگی بە ماڵ و منداڵی بارزانییەکان هەڵچنیبوو،لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، کۆمەڵ کۆمەڵ خانەوادەی بارزانییەکان دەستیانکرد بە پەڕینەوە لە چەمی (گادەر) بەرەو خاڵی سنووری عێراق و بە ئامادەبوونی (عەلی حیجازی)بەڕێوەڕەی گشتی پۆلیسی عێراق، خانەوادەکان خۆیان بەدەستی حکوومەتی عێراقدا. پاش ئەوەی تەواوی پیر و منداڵ و ژن و پەککەوتەکانی خانەوادەی بارزانییەکان لە چەمی (گادەر) پەڕینەوە بەرەو عێراق، هەرلەو ڕۆژەدا (16ی4ی1947)، بارزانی و پێشمەرگەکانی بەشاخدا هەڵگەران بەرەو ڕەشمالەکانی (تەها هەرکی و زێڕۆ هەرکی) و لەناو بەفرو باران و سەرما، ماوەی سێ ڕۆژ لەو دەوروبەرە مانەوە. ڕۆژی 19ی4ی 1947مەلامستەفا بارزانی (560) پێشمەرگەی هەڵبژارد و لەگەڵیان کۆبووەوە و لە وتارێکدا پێی ڕاگەیاندن: "ئێستاکە ئێمە دەچینە نێو خاکی عێراق بەرەو باکوری دەڤەری بارزان دەچین، هەڵبەت حکوومەتی عێراق بە هەموو توانایەکی سوپایی خۆی و بە سود وەرگرتن لە چەتە و خائینان و هاوکاری هەردوو حکوومەتی ئێران و تورکیا هەوڵی لەناوبردنمان دەدات. ئێمەش لەبەر ئەوەی هیچ قولاییەکی ستراتیجیمان نییە کە هاوکارمان لێ دەست کەوێت و بڕیندارەکانمان لێی چارەسەر بکەین و تەقەمەنی پێویستمان پێنییە (هەروەک دەزانن)، بۆیە دەبێ زۆر خۆڕاگربین و بەپێی توانا خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەو لابدەین....."، هەروەها جەنابی مەلامستەفا بارزانی گوتی: "برایان، من بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەڕۆم، نازانم ئایا لەبرسان ئەمرم یاخود لەسەرما یان بە گوللە دوژمن.....، بۆیە ئەوەی لەخۆڕا دەبینێ کە توانای بەرگری ئەم ناخۆشی و داهاتووە نادیارە دەکات، بالەگەڵم ئەمبینێت، ئەوەی توانای نییە و لە خۆرانابینێت با بگەڕێتەوە و خۆی ڕادەست بکات و من سوپاستان دەکەم". پێشمەرگەکان هەموویان بەیەک دەنگ بە مەلامستەفا یان گوت :"هاوڕێی تۆ دەبین و لەگەڵ تۆ مردنمان پێ باشترە لەوەی ژیان بەبێ تۆ". (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/1).

ڕۆژی 20ی4ی 1947 بارزانی و پێشمەرگەکانی لە چیای (نازداری داغ)ەوە بەرەو دۆڵی (خواکورک) چوونە ناو خاکی عێراق. لەناو خاکی عێراقدا، مەلامستەفا بارزانی وەک پێشمەرگەیەکی مەیدان و سەرکردەیەکی بلیمەت لە شەڕی پارتیزانی و شارارەزا لە هێرشبردن و شکاندنی بۆسە و گەمارۆی دوژمنان، بیری لە هەموو پێشهاتێکی سیاسی و عەسکەری ئەو قۆناغە کردبووەوە،بۆیە هێز و هەڤاڵانی خۆی بەسەر پێنج قۆڵ دابەشکرد و بۆ هەر قۆڵێک بەرپرسێکی دیارکرد، بەم شێوەی خوارەوە: 1- شێخ سلێمان، 2- ئەسعەد خۆشەوی، 3- مامەند مەسیح، 4- محەمەد ئەمین میرخان، 5 - مستۆ میروزی. (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/1).

شایانی باسە ئەم پێنج قۆڵە سەرەکییە، بەپێی پێویست بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشکرابوون و هەر گرووپێک بەرپرسێکی سەربازی و بەرپرسێکی ئیداری و ئازووقەی هەبوو. بۆیە لێردا بۆمان دەردەکەوێ کە مەلامستەفای بارزانی شارەزاو بلیمەتێکی بێ وێنەبوو لە سەرکردایەتی و ڕێکخست و ئاراستەکردن و سەرپەرشتی و ڕابەرایەتی هێزی سەربازی و چەکداری، ئەمەش یەکێک بوو خەسڵەتەکانی ڕابەرایەتی و کاریزمای مەلامستەفا بارزانی.

ئینجا مەلامستەفا بارزانی ڕێکار و ڕێنمایی پێویست لەم قۆناغەدا بە پێشمەرگە و پەرپرسەکان ڕاگەیاند و بەڕێکەوتن بەرەو گوندی (موسلوک). بەرەبەیانی ڕۆژی21ی4ی 1947 گەیشتنە گوندی (موسلوک) و لەوێوە بەرەو گوندی(ئەرموش).

ڕۆژ 23ی4ی 1947 گوندی (ئەرموش)یان بەجێهێشت بەرەو گوندی (بەنێ خواکورک) لە داوێنی چیای (ئاوەڵ کودی) کە یەکێکە لە لوتکەکانی چیای خواکورک. لەوێوە... بارزانی و پێشمەرگەکانی بە (دەشتی بەرازگر)ی دەڤەری برادۆست و (کانی ڕەش) تێپەڕین بەرەو دەشتی (میرگەسوور).

بەرە بەیانی ڕۆژی 24ی4ی 1947گەیشتنە گوندی (دەریا سۆر) لەسەر سنووری تورکیا و عێراق کە تەنها چەمێکی ئاو لە نێوانیاندایە. هەرلەو ڕۆژەدا بەهاوکاری خەڵکی کوندەکە، بارزانی و هەڤاڵانی لە چەمی (دەریای سۆر) پەڕینەوە و پێیان نایە نێو خاکی تورکیا و بەردەوام بوون لە ڕێیشتن.

بەرەبەیانی ڕۆژی 25ی4ی 1947گەیشتنە (گەلی ـ گەروی زێت) کەلەسەر سنووری نێوان تورکیا و عێراقە، لەوێ ڕێگاکە وابوو و وا پێویست بوو کە بارزانی و هەڤاڵانی بگەڕێنەوە ناو خاکی عێراق. بێشک لەهەموو قۆناغەکاندا سوپای (ئێران و عێراق و تورکیا) لە بۆسە و ئامادە باشیدابوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە بارزانی و هەڤاڵەکانی و هەموو ڕگاکانیان لێ بۆسەگیر کردبوو. لە (گەلی زێت)و لە ناوخاکی عێراقدا، گرووپێکی هەڤاڵانی بارزانی کەوتنە ناو بۆسەی پۆلیسی عێراق و لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا (تەنانەت بە چەکی سپی) شەڕ لەنێوانیان بەرپابوو. لە ئەنجامدا پۆلیسێک کوژراو و دووی دیکە بەدیل گیران و هەڤاڵێکی بارزانی بریندار بوو کە دواتر لەگوندی (ئەرگوش) لەبەر خوێن بەربوون و بێ داودەرمانی ئەو هەڤاڵەی بارزانی شەهید بوو. دەتوانین بڵێین ئەم ڕووبەڕووبوونەوە یەکەم شەڕی بارزانی و هەڤاڵانی بوو لە ناو خاکی عێراق. ئینجا لە (گەلی زێت) بەرەو ناوچەی (بەین) لەسەر سنوور، لەوێ بە ئەمری مەلامستەفا بارزانی گروپەکان لێک دوو خرانەوە بۆ ئەوەی لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە هەموویان نەکەونە بۆسە و بتوانن بەهانای یەکترەوە بچن و زیانێش کەمتر دەبێت. ئەمەش خەسڵەتێکی دیکەی بلیمەتی بارزانی بوو لە ڕابەرایەتی و سەرپەرشتی کردنی شەڕی پارتیزانی.

ڕۆژ 25ی4ی 1947 بارزانی و هەموو هەڤاڵانی گەیشتنە گوندی (ئەرگوش) و دەوروبەری و بۆ ماوەی 25 ڕۆژ لە کوندەکانی ئەو دەڤەرەدا مانەوە. پێم وایە... مانەوەی بارزانی و هەڤاڵانی بۆماوەی 25 ڕۆژ لەو دەڤەرەدا، تەنها بۆ ئەوە بووە کە بارزانی پشووێک بە پێشمەرگەکانی بدات و دووبارە خۆیان ڕێک بخەنەوە و بتوانن چەک و تەقەمەنی پێویست دابین بکەن بۆ قۆناغێکی دیکە کە مەلامستەفا بیری لێ دەکردەوە. لەم 25 ڕۆژەدا چەندجار لەسەر ئاستی دیارکراودا پەیام و پەیامنێری دۆست و دوژمنان ڕوویان لە مەلامستەفا بارزانی کردووە و تەنانەت حکوومەتی عێراق هەوڵی دەدا کە مەلامستەفا خۆی بەدەستەوە بدات یاخود بەلایەنی کەمەوە پلان و نیازەکانی مەلامستەفا بزانێ. بەڵام مەلامستەفا ژیرانە بیری دەکردەوە و کاتەکەی لە بەرژەوەندی خۆی و هەڤاڵانی بەکار دەهێنا و بیری لە دەرچەیەکی گونجاو دەکرد لەو بارودۆخە نالەبارە، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی دەگەیشتنە مەلامستەفا کە سوپای ئێران و تورکیا سنووردکانیان تەنیوە بە هێزی سەربازی و چەتەو خۆڕفرۆشان، هەروەها سوپای عێراق لە ئامادە کاریدای بۆ هێرش بردنە سەر مەلامستەفا و



هەڤالانی.

پێم وایە... لەم هەلومەرجانەدا، بیرۆکە پەنابردنە بەر یەکێتی سۆڤیەت لە لای مەلامستەفا بارزانی گەلاڵە بووە و ئامادەکاری بۆ کردووە، ئەگەرچی پێشتر مەلامستەفا ئەم بیرۆکەی لەگەڵ شێخ ئەمەد بارزانی تاوتۆ کردبوو.

مەلامستەفا بارزانی بڕیاریدا،خۆی و هەڤالانی پەنابەرنە بەر یەکێتی سۆڤیەت دەربارەی بڕیاری مەلامستەفا بارزانی لە پەنابەری بۆ یەکێتی سۆڤیەت(روسیا)،جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبەکەی (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکە التحرریە الکردیە/1). نووسیویەتی: (بارزانی بۆی باسکردم... لە 15ی4ی 1946 کاتێکی (بارزانی) خواحافیزی لە شێخ ئەحمەد کردووە، لێی پرسیوە ئاخۆ دەکرێ پەنا بەرێتە بەر یەکێتی سۆڤیەت ئەگەر نەیتوانی بەردەوامبیت لەشەڕ لەنێو عێراقدا، ئەویش (شێخ ئەحمەد بارزانی) ڕەزامەندی داوە. بەڵام بڕیاری کۆتایی و مێژووی مەلامستەفا بارزانی لە 6ی5ی1947 بوو کاتێک هێزەکانی خۆی لە (ئەرگوش) کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن کە بڕیاری داوە پەنابەرنە بەر یەکێتی سۆڤیەت و ئەگەر و هۆکارەکانی ئەم بڕیارەی بۆیان شلۆڤە کرد. (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکە التحرریە الکردیە/1) .

لە ئەرگوشەوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت

پاش هەڵسەنگاندن و تاوتۆکردنی بارودۆخەکە و یەکگرتنی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری وڵاتانی زلهێز (ئەمریکا و بریتانیا و عێراق و تورکیا و ئێران) دژی مەلامستەفا و پێشمەرگەکانی. ڕۆژی 6ی5ی 1947 لە گوندی (ئەرگوش)ەوە مەلامستەفا بارزانی بڕیاریدا کە خۆی و پێشمەرگەکانی ڕوو بکەنە یەکێتی سۆڤیەت(روسیا) بەنیازی پەنابەری سیاسی. وەکو باسمان کرد، ئەم بڕیارەی جەنابی مەلامستەفا بارزانی بڕیارێکی دەم وەدەست و سەرپێیی نەبوو، بەڵکو جەنابی بارزانی پێشتر(15ی4ی1947) لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی تاوتوێ کردبوو و ڕەزامەندی لێ وەرگرتبوو.

پێم وایە... بەرلە بڕیاری مێژووی و چارەنووسازی (6ی5ی1947)، بارزانی بارودۆخ و هەموو ئەگەرەکانی هەلسەنگاندووە (ئامارۆ بە ووردەکارییەکان- بەپێی لێدوان و بیرەوەرییەکانی هەڤالانی بارزانی) بەردەوام جەنابی مەلامستەفا پەیوەندی و بەدواداچوونی هەبووە لەگەڵ مالّ و منداڵبات و عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنووری (عێراق و ئێران - عێراق و تورکیا - تورکیا و ئێران) و دۆست و هەڤاڵ و لایەنگری خۆی هەبووە لەم سنوورانەدا. بێگومان... مەلامستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەکی کاریزمایی و پێشڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و ڕابەرێکی پێشمەرگە و خۆشەویست کە تاکە هیوای گەلی کورد بوو، بەڵایەنی کەمەوە بۆ ڕێچوونی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت، توانیویەتی گیانی هاوکاری و هەماهەنگی ئەو مالّ و منداڵبات و عەشیرەتانی سەر سنووری فەراهەم بکات، ئەگەرچی هەندێک کەسی خائین و خۆفڕوش هەوڵی ڕێگری بارزانی و هەڤالانی کردووە، بەڵام هەر ئەوان ڕووڕەشی گەل و میللەت بوون. لەئەنجامدا مەلامستەفا بارزانی و هەڤالانی بەسەربەرزی و سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و خائینان لە چەمەی ئاراس پەرینەوە و چوونە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت.

لێردا بەپێی توانا هەوڵدەدەم بەکورتی ڕۆژ و ڕووداوەکانی ڕێچوونی مەلامستەفا بارزانی و هەڤالانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی بارزانی و خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی خەبات و خەڵکی کوردستان بخەمە ڕوو.

ڕۆژمێری ڕێچوونی بارزانی و هەڤالانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت

بەرلە ڕۆیشتن بەرەو خاڵی سنوری یەکێتی سۆڤیەت لەسەر (ڕووباری ئاراس)، پێدەچێ بارزانی پلان و تەکتیکی ڕێچوونەکەی بۆ پێشمەرگەکانی خۆی شلۆقە کردبێ کە قۆڵی (مستۆ مێروزی) لە پێشەوەی هێزەکەبێت، پاشان قۆڵی (مامەند مەسیح)، دوای ئەوان قۆڵی (محەمەد ئەمین میرخان)، پاشان قۆڵی (شێخ سلێمان)، ئینجا لە دواوەی هێزەکەدا قۆڵی (ئەسعەد خۆشەڤی)بێت و پێی ڕاسپاردبوو کە ئەوان(قۆڵی ئەسعەد خۆشەڤی) هاوکاری هەرکەسێک بکەن کە بەهەر ئەگەرێک لە قۆڵی خۆیان دوابکەوێت. (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکە التحرریە الکردیە/1).

ڕۆژی22ی ئایاری1947:

مەلامستەفا بارزانی فەرمانی بەپێشمەرگەکانیدا کە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو دەڤەری (هەرکی بنەجێ) بکەونە ڕێ. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هەموو پێشمەرگەکان گەیشتنە گوندەکانی (درێ، باسیان، ستونێ)... و دەوراوپشت. حکوومەتی عێراق بەم هەنگاوەی مەلامستەفای زانی و ڕۆژی 23ی ئایار 1947 لە هێرشێکی ئاسمانی توند و چڕدا حکوومەتی عێراق 14فڕۆکەی نارد بۆ بۆردومان کردنی بارزانی و هەڤالانی کەبووە ئەگەری شەهید بوونی 2 پێشمەرگە و بریندار بوونی 14ی دیکە.

ڕۆژی 24ی ئایاری1947:

بارزانی و هەڤالانی گەیشتنە گوندی (بێداو) کە دواگوندە لەسەر سنووری (عێراق-تورکیا).

ڕۆژی 25ی ئایاری1947:

لەنێو بەفری کێوەکاندا بە زەحمەتێکی زۆر، بارزانی و پێشمەرگەکانی لە ڕێگای (تەستا-بێداڤ) گوندی (بێداڤ)یان بەجێهێشت و لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەیشتنە گوندی (بایێ) لەنێو خاکی تورکیادا. خەڵکی گوند بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لێ کردن. مەلامستەفا لە موختاری گوندەکەی پرسی ئاخۆ باشترین ڕێگا بۆ ناو خاکی ئێران لە کوێوە. موختارەکە بە مەلامستەفای ڕاگەیاند کەر ڕێگای (زینیا ئاسنگەرا) لەنێوانی (گەڤر و شەمدینان) باشترین ڕێگایە. سەرەڕای ئەوەی لە (زینیا ئاسنگەرا) توشی فڕۆکە و سەربازی تورک بوون، بەڵام دواتر بەتاکتیکێکی پارتیزانی لێیان ڕزگار بوون.

ڕۆژی27ی ئایاری1947:

لەبەردەبەیانی ئەمڕۆژە، بارزانی و هەڤالانی بەبێ زیان لە (زینیا ئاسنگەرا) پەڕینەوە و چوونە ناو خاکی ئێران، تاکو ئێوارە هەموو پێشمەرگەکانی بارزانی گەیشتنە ناوخاکی ئێران لە گوندی (جیرمێ).

ڕۆژی28ی ئایاری1947:

هێزی پێشمەرگەی مەلامستەفا بەرێکەوتن بەرەو گوندی (ئەمبێ و دەربەند و تەلوێ) لە دەڤەری (تەلگەودر)ی بەگزادەکان.

ڕۆژی29و30و31ی ئایاری1947:

لەم سێ ڕۆژەدا بارزانی و پێشمەرگەکانی لە دەڤەری هەرکییەکان مانەوە و خەڵکی ئەو دەڤەرە پێشوازییەکی گەرمی لێ کردنی. حکوومەتی ئێران پێی زانی و (ڕەشید بەگی سەرەک عەشیرەتی هەریکی) نارەد لای مەلامستەفا کە بزانێ مەلامستەفا نیازی چییە و هۆکاری هاتنی بۆ ناو خاکی ئێران چییە و هەڕەشەی لە بارزانی کرد کە خاکی ئێران جێ بهێڵێ. مەلامستەفا بۆ بەدەست هێنانی کات، جوابی ئێرانی دایەوە کە لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو بەنووسین وەلامییان دەداتەوە... بەڵام هەرگیز ئەم وەلامەیان بۆ نەنووسی. (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکە التحریە الکردیە/1).

ڕۆژی1و2ی حوزەیرانی1947:

بارزانی و هەڤالانی لە ناو خاکی ئێران و و دواتر بەبێ کێشە لە (دۆڵی قتور) پەڕینەوە. پەڕینەوە لەم دۆڵە، سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ بارزانی و هەڤالانی، چونکە ئەم دۆڵە وا هەڵکەوتبوو، ئەگەر لەوێدا شەڕ ڕووی بدایە، مەزندە دەکرا کە هەڤالانی بارزانی زیانێکی گەورەیان بەرکەوتبا.

ڕۆژی5ی حوزەیرانی1947:

لەبەرەبەیانیدا، بارزانی و پێشمەرگەکانی گەیشتنە گوندەکانی (گەلتی، تودان، نەدێ) لە دەڤەرە عەشیرەتی (عروسی) و خەڵکی ئەم گوندانە پێشوازی گەرمی لێ کردن.

ڕۆژی6ی حوزەیرانی1947:

هەڤالان گەیشتنە گوندی (بەلەسوور، بەلەرەش)، پاش نانخواردن و ئیسراحەت، بەرێکەوتن بەرەو کوێستانی (حاجی بەگ) و ئێوارە گەیشتنە گوندی(مللەمی) لە نێو عەشیرەتی (مللەلی) و شەو لەوێ مانەوە.

ڕۆژی7ی حوزەیرانی1947:

بارزانی و هەڤالانی گەیشتنە گوندی (عەمباری) و لەو گوندەدا کەسێکی متمانەپێکراو و شارەزای دەڤەرەکە و سنوری یەخە، دەستیان گرت بەسەر پردی (ماکۆ) و بەسەر ڕووباری (زەنگی) پەڕینەوە و بەرەو گوندی (هاسون) پێشڕەویان کرد. لەم شەڕەدا بەسەدان سەربازی ئێرانی کوژران و بریندار بوون، هەروەها پێشمەرگەکانی بارزانی (271) سەربازی سوپای ئێرانییان بە دیل گرت و ژمارەیەک تانک شکێنران و فڕۆکەیەک خرایە خوارەوە و چەندین تۆپ تێک شکێنران، هەروەها بەسەدان تفەنگ و پەنجا (هێستر)ی بارکراو بە ئازووقە و تەقەمەنی گیران. زیانی هەڤالانی بارزانی لەم شەڕەدا چوار شەهید و چوارده بریندار بوو. (مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکە التحرریە الکردیە/1).

پاش تەواو بوونی شەڕەکە دیلەکان ئازاد کران، چونکە بوونی ئەو دیلانە لە دەستی پێشمەرگەکانی بارزانی پێویست نەبوو، بەڵکو ئاستەنگی ڕێچوونەکەیان بوو، بۆیە ئازاد کران.

ڕۆژی12ی حوزەیرانی1947:

پاش تەواو بوونی شەڕ بە سەرکەوتنی بارزانی و هەڤالانی. بەرەبەیانی ئەم ڕۆژە، بارزانی و هەڤالانی گەیشتنە گوندی (هاسون) و لە سوپای ئێران دوور کەوتنەوە. گوندی (هاسون) دەکەوێتە باکوری (ماکۆ) ئەم گوندە سەر بە عەشیرەتی (جەلالی)یە. بەڵام بەداخەوە ئاغای ئەم عەشیرەتە (عومەر ئاغا جەلالی) خیانەتی لە بارزانی و هەڤالانی کرد، دەکرێ بڵێین ئەم عەشیرەتە و ئاغاکەیان تەنها عەشیرەتی کورد بوون کە خانەتی نیشتیمانییان لە بارزانی و هەڤالانی کرد بە درێژایی ڕێچوونی بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت.

ڕۆژی13و14و15ی حوزەیران1947:

مەلامستەفا بارزانی و هەڤالانی هەرلە دەڤەری عەشیرەتی (جەلالی) بەرەو سنووری یەکێتی سۆڤیەت ڕێگەیان گرتەبەر. لەماوەی سێ ڕۆژەدا و لە دەڤەری (جەلالی)یەکان ڕۆژانە فڕۆکەجەنگییەکانی ئێران بەدوای بارزانی و هەڤالانیدا دەگەڕان، بەڵام لەبەر چڕی دارستان و شارەزایی و لێهاتوویی بارزانی و



پێشمەرگەی بارزانی بەسەر پریدێکدا دەپەڕنەوە
لە ئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

بووەوە و پێی ڕاگەیاند کە ئەوەی (خەلیفە سادق) دەڵێ هەمووی درۆیە و هێزەکانی سوپای ئێران نەگەیشتوونەتە سەر ڕێگا، بێجگە لە هەندێ چەکداری (عەجەم)، واچاکە کە خۆتان دوانەخەن و پەلە بکەن.

شەوی 4/5ی حوزەیرانی1947:

بە فەرمان و ڕێنماییەکانی مەلامستەفابارزانی، پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی خۆیان دوورببخەنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئێران،چوونە ناو خاکی تورکیا و بۆ چەند کاتژمێرێک لەنێو خاکی تورکیا ڕۆیشتن و پاشان هاتنەوە بوو، چونکە دەرفەتی ئەوەیان هەبوو تانک و تۆپ و فڕۆکە بەکاربهێنن، هێزێکی زۆری سەرباز و تانک و زرێپۆش و تۆپیان لەوێ تەنی بوو ، زۆر بە توکمەیی پردی (ماکۆ)ی سەر ڕووباری (زەنگی)یان داگیر کردبوو، بەنیازی ئەوەی کە دوا هەلیانە کە بارزانی و هەڤالانی لەناو ببەن و نەهێڵن بگەنە سنووری یەکێتی سۆڤیەت. ئەم شەڕە دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، بارزانی و هەڤالانی ئەوپەڕی پاڵەوانیان نواند و بەسەر هێزی دوژمنداد سەرکەوتن کە لە ژمارە و چەک زۆر زۆرتر بوون لە ژمارە و چەکەکان بارزانی و هەڤالانی. تۆپۆگرافی ئەو دەڤەرە لەبەرژەوەندی سوپای ئێراندا بوو، چونکە دەرفەتی ئەوەیان هەبوو تانک و تۆپ و فڕۆکە بەکاربهێنن، هێزێکی زۆری سەرباز و تانک و زرێپۆش و تۆپیان لەوێ تەنی حەفتا ساڵ چالاک بوو، بارزانی لێی پرسی، ئاخۆ کام ڕێگا باشە بۆ چوونە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت؟. (میرزا عەبدی) ڕێگای (ماکۆ-هاسۆن) پێشنیار کرد، بارزانی متمانەی بەم کابرایە کردو و ڕێگاکەی هەڵبژاد و پلان و ئامادەباشی تەواوی بۆ ئەم قۆناغە بە پێشمەرگەکانی ڕاگەیاند، چونکە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەبوو.

ڕۆژی8ی حوزەیرانی1947:

بارزانی و هەڤالانی گوندی (میرزا عەبدی) بوو، (میرزا) تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، بەڵام مرۆڤێکی چوست و چالاک بوو، بارزانی لێی پرسی، ئاخۆ کام ڕێگا باشە بۆ چوونە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت؟. (میرزا عەبدی) ڕێگای (ماکۆ-هاسۆن) پێشنیار کرد، بارزانی متمانەی بەم کابرایە کردو و ڕێگاکەی هەڵبژاد و پلان و ئامادەباشی تەواوی بۆ ئەم قۆناغێکی یەکلاکەرەوەبوو.

پێشمەرگەکانی تووانییان خۆیان لە چاوی فڕۆکەوانەکان بشارنەوە و فڕۆکەکان هێزی بارزانییان پێ نەدەدۆزرایەوە.

ڕۆژی16ی حوزەیرانی1947:

بارزانی و هەڤالانی گەشتنە قەراغی ڕووباری (ئاراس) کە ڕووبارێکی بەخوڕ و پان و بەرینە، سنووری یەکێتی سۆڤیەت و ئێرانی لێک جیادەکردەوە و لە ڕۆژئاواوە لە ناو خاکی تورکیا سەرچاوە دەگرێت بەرەو ڕۆژهەلات لەنێوانی سنووری ڕوسیا و ئێران تێپەڕ دەبێت. بارزانی و هەڤالانی لە ناو خاکی ئێرانەوە ڕۆژی 16ی حوزەیرانی1947 گەیشتنە گوندی (سوکتلی) لە سەر ڕووباری (ئاراس) کە نزیک بوو لە خاڵی سنووری (سراجلو)ی یەکێتی سۆڤیەت، لەوبەری ڕووباری ئاراس.

هەر لەڕۆژەدا، مەلامستەفا بارزانی نێردەی خۆی (میرحاج)ی نارده خاڵی سنوری (سراجلو)، کەخاڵێکی سنووریی دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە ناو خاکی کۆماری ئەرمینای سۆڤیەتی لەوبەر ڕووباری ئاراس، بۆ ئەوەی بە دەسەلاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت ڕابگەیێنێت، کە مەلامستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی هاتوونەتە سەر سنوور و داوای پەنابەری سیاسی دەکەن لە یەکێتی سۆڤیەت. ئینجا بە گەیشتنی ڕەزامەندی یەکێتی سۆڤیەت بۆ پەنابەری سیاسی مەلامستەفا بارزانی و هەڤالانی، ڕۆژی 17ی حوزەیرانی 1947 گرووپێکی هەڤالانی بارزانی بە چاودێری شێخ سلێمان لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت. لەکۆتاییدا، ڕۆژی 18ی حوزەڕانی 1947دوا گرووپی هەڤالانی بارزانی بە چاودێری خودی جەنابی مەلامستەفا بارزانی پەڕینە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت.

بەم شێوەیە... بارزانی و هەڤالانی لە ڕاوەدوونانی فڕۆکە و توپ و تانگ و سەربازانی سوپای ئێران ڕزگاریان بوو و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە توانەوە ڕزگاری بوو، کە دواتر جەنابی مەلامستەفا بارزانی و هەڤالانی لە ساڵی 1958 پاش ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، سەربەرزانە گەڕانەوە عێراق و وەکو پاڵەوانانی نیشتمان لە لایەن تەواوی خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوور پێشوازییان لێ کردا و بارزانی و هەڤالانی بەردەوام بوون لە خەبات بۆ هێنانەدی مافی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان.

بەم شێوەیە لە ڕێچوونێکی پارتیزانی بێ وێنەدا کە هاوبەست بوو بە شەڕ و تۆپباران و بوردومانی فڕۆکەی جەنگی و بۆسەی سوپای هەرسێ دوژمن و هاو کارەکانیان، مەلامستەفا بارزانی توانی ئەوپەڕی بلیمەتی خۆی بنوێنی لە ڕێبەرایەتی شەڕ و پلان و بەکارهێنانی تۆپۆگرافیەت لە شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوە و هەڵمەت و شکاندنی بۆسە و گەمارۆی دوژمنان. بەم شێوەیە مەلامستەفا بارزانی توانی خۆی و هەڤالانی و ئالا و بزاقی ڕزگاری خوازی کورد لە نەمان و توانەوە ڕزگار بکات و جارێکی دیکە خەونی دوژمنان لە توانەوەی گەلی کورد لەسەر دەستی مەلامستەفا بارزانی پوچەڵ کرایەوە.

خوێنەرانی بەڕێز.... وانەیێ ئەم ڕێچوونەی بارزانیی نەمر و هەڤالانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت، هەروا کارێکی ئاسایی و ئاسان و بێ بەرنامە و بنەمایێ، بەڵکو ئەم پڕۆسەیە زۆر وردەکاری و ڕووداوی دراماتیکی و برسێتی و سەرما و شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرسێ حکوومەتی (ئێران و عێراق و تورکیا)ی لە خۆگرتووە کە بەچەندین کتێب و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون تەواو نابێت. بۆیە ئەستەم بوو لەم چەند دێڕەدا توانیبێتم تەنها دڵۆپێک لە دەریای ئەم داستانە بۆ خوێنەران بخەمەڕوو، بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەران و هەڤالانی بارزانی دەکەم.

سەرچاوە:

1- کتێبی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی (البارزانی و الحرکە التحریە الکردیە/ج1).

2- دیمانە و لێدوانی هەڤالانی بارزانی کە بەشداربوون لە ڕێچوونی بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت1947.

3- ئەرشیفی ڕۆژنامەی خەبات.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یوفان جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس راس تریلە تەک ویل دبل قارە رەنگ سپی مۆدێل: ٢٠١٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٩٤٧٢ کاتی ژمارەی شاسی: WDB9340321LA812319 وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی کشتوکال بەشی دارستان بەناوی محمد جلیل شریف وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:١٨٢٥/ش/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢١

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سیف عمران موسی) شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ شیرین عدنان بشار داوای ژمارە (١٨٢٥/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تفریق دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٨, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

فەرمانگەی دادنووسی بەحرکە

ژمارە:٨١

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢٦

ئاگاداری

بەڕێز (عەلاء اسحاق بیبا) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (ناحیەی بەحرکە) دانراوە وە ئامێرەکانیان لە لیستی هاوپێچ دیاری کرا وە بەپێی پەیڕەوی تۆماری ئامێری میکانیکی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (١٩٩٨) بڵاوەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یا خاوەنی هەرپەك لەوانە دادەنێ لەماوەی ١٥ پانزە رۆژ سەردانی ئەم دەزگایە بکات, بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

دادنووس/ کارزان جواد عزیز

ئامێرەکان:

١ – فلتەری ئاو بێ ژمارە دروستکراوی ڕوسی مۆدێلی ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٢- ئامێری دانانی قەپاغ بێ ژمارە دروستکراوی ڕوسی مۆدێلی ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٣- ئامێری دانانی قەپاغ بێ ژمارە دروستکراوی ڕوسی مۆدێلی ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٤- ئامێری داگرتنی شوشە بێ ژمارە دروستکراوی ڕوسی مۆدێلی ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٥- ئامێری لیدانی لەزگە بێ ژمارە دروستکراوی ڕوسی مۆدێلی ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٦- مولیدەی کارەبا بێ ژمارە دروستکراوی ڕوسی مۆدێلی ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٦/١٦

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عمر نبی حمد) لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت ئاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- ئامێری مطحنەی خۆێ (ئاشی هارین) بێ ژمارە دروستکراوی عسکری جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥.

٢- ئامێری جاروشەی وردکردنی خۆێ بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.

٣- ئامێری یود المهم (تێکەلکردنی خۆێ یۆد) ژمارە/ ٩٥١١٠٧٩٠ دروستکراوی هۆلندی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢. (گێربۆکس).

٤- ئامێری قەپانی کێش کردن ژمارە/ ٥٣٨٥٨ دروستکراوی انگلیزی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥ ئەمپێر بەقەبارەی ٥٠٠ کغم.

٥- ئامێری کەپس کردن بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥.

٦- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ ٥٠٠٠٩٨ دروستکراوی ایطالی جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٥٠.

٧- ئامێری لەکیس کردن (تثبیئە ژمارە/٦٤٠٠٨ دروستکراوی ئینگلیزی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.

٨- ئامێری فرنی ووشک کردنەوەی خۆێ ژمارە/٤٥٦٨ دروستکراوی خۆمالی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢.

٩- ئامێری بەرینەی گواستنەوەی خۆێ ژمارە/١٦٧٩١٨٤ دروستکراوی بلغاری جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٥.

١٠- دووداندە ئامێری تێکردن و کێشان و بەروار لێدان بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل/ ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ *٤,٥.

١١- سێ دانە ئامێری تێکردن و کێشان و بەروار لێدان بێ ژمارەن دروستکراوی ایرانین مۆدێل/ ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣ *٤,٥.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٢٠١٤/١٢٨

رێکەوت/٢٠١٩/٦/١٧

ڕاگەهاندن

بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٨٦٧/١٨) کەرتێ (٨٤/بروشکی) کو دکەفیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (ابراهیم سعید احمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف جیهان) بکوژمێ (٦٥٠٠٠٠٠٠) شێست وپێنج ملیون دینار هەر کەسێ بقێت بکریت سەردانا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠)شێست وشەش ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٨٦٧/١٨) کەرتێ(٨٤/بروشکی) جور پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ئێك ژورا نقستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وبیتون روبەر (١٥٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠)شێست وشەش ملیون دینار

ژڤان عزیز محمد / ڕێقەبەر (جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگای باری کەسیەتی تەق تەق

ژمارە/ ٢٠١٩/٤٣ش

رێکەوت ٢٠١٩/٦/١٢

ئاگاداری

داواکار/ زینبە محمد حسن

داوالێکراو/ ناصر نادر قادر/ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

ئاگادارت دەکەینەوە کەوا داواکار(زینبە محمد حسن)داوای ژمارە (٤٣/ش/٢٠١٩) ی لەسەرت تۆمار کردوە کە تیایدا داوای کردوە بە (جیابونەوە) بەهۆی جێهێشتنت وە ئەم دادگایە ڕۆژی(٢٠١٩/٧/٢٣)ی دیاری کردووە وەك ڕۆژی دادبینی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بەپێی نوسراوی بنکەی پۆلیسی تەق تەق بەژمارە(١١٣٦)لەبەرواری (٢٠١٩/٥/٢٠) وە نوسراوی سەرۆکایەتی شارەوانی تەق تەق بەژمارە (٤٠٤) لەبەرواری (٢٠١٩/٥/٩) لەگەڵ یاداشتی ئەنجومەنی شارەوانی تەق تەق کە تیایدا دیاری کردووە شوێنی نیشتەجێ بونی داوالێکراو نادیارە لەکاتی ئێستادا. بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادار کردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ بۆ ئامادەبونت لەدادگا ئەگەر لەرۆژی دیاریکراو ئامادە نەبیت یاخود بریکارێکی یاسایی لەبری خۆت ئامادە نەبێت لەدادگا ئەوا دادبینی دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بە پاشملە بە پێی یاسا.

دادوەر/ محسن صالح محمود

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/٢١١١

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٧

ئاگاداری

بۆ/شرکە جوانرو پاراسکفابرس/أربیل

لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بۆیە بەپێی مادەی ٢٧ لەیاسای جێبەجێکردن، بڕیاردرا لەرێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی ١٥ ڕۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (إبراهیم رعدی مصطفی) کە بڕی ٤٧٢,٤٤٠,٠٠٠ دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە لەبەرامبەر ئۆتۆمبێل.

جێبەجێکاری دادا/هەردی حمدامین همزه

***

سەرۆکایتا باژێرڤانیا خانکێ/أملاك

ژمارە: ١٨٧

میژوو: ٢٠١٩/٥/٢٨

لدویف نڤیسارا ڕێقەبەریا یا باژێرڤانییێن پارێزگەها دهۆکێ/نەخشێن بنیاتی ژمارە ٤٥٤٠ ل ٢٠١٩/٥/٢٣ و نڤیسارا ڕێقەبەریا نەخشە دانانا ئافەدانی پارێزگەها دهۆکێ یێ ژمارە ١٤٢٣ ل ٢٠١٩/٥/٢٢ سەبارەت نەخشە ڕوهنکری پارچە ئەردی یا ژمارە ٣١٨٢/١ کەرتێ ١٨ ژ بنات کو مولکیەتا وێ لسەر نافێ (سەرۆکاتیا باژێرڤانیا خانکێ) و گشت ڕووبەرێ وێ لدویف و بنێ تومارى (٣ دونم، و ١ ئولك و ١٣٢٣م٢) ڕەگەزێ وێ (خزمەت گوزاری) لدویف نەخشێ ژمارە A٢٨٠ بۆ هەوە دیارکەن ڕەگەز گونجایە بۆ دانانا هولا تازیا ئەڤجا ئەڤ نەخشە ڕوهنکری دی دهێتە ڕاگەهاندن و هەرکەسێ پێشنیازەك هەبیت یان بەرهەنگاری یەك لسەر وێ نەخشە ڕاستڤەکری دا نەخشە ناڤبری دا ژ هاوەلاتی و فەرمانگەهێن میری و جهێن پەیوەندیدار بلا داخوازێن خو ئاراستەی سەرۆکاتیا باژێرڤانیا یا مە بکەن د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداری د ڕۆژنامێدا و بەری نەخشە بهێتە پەسندکرن ژ لایێ جڤاتا باژێرڤانیا مەڤە هیڤیە.

ئەندازیار: حمود غربی حسن

سەرۆکێ باژێرڤانیا خانکێ

***

ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهۆکێ

بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ١٦/٣٠٠/١/١

رێکەفت: ٢٠١٩/٦/١١

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لیژنا فروتن و کرێکرنا دوویێ ڕادەگەهینیت کو سەرێك ئێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (کومەکا دوکانا) کەرتێ (٤٢) فایدە ب ڕووبەرێ (١٠٠٠)م٢ بشێوێ ماڤی بەرخوری (المساطحە) بو ماوێ (١٦) شازدە ساڵا و هەرکەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرێك ئێدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەر و پێشمەرگە و هێزێن نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژ بهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەرۆکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ (١٥) پازدە ڕۆژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرێك ئێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەرۆکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە ل دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕو و هەرکەسێ بو بکەفیت دێ و بهایێ ئاگەهداری یی و هەمی خەرجێت پێتڤێ کەڤنە ستویێ وی دگەل ژێرگرتنێ.

ئەندازیار

خالد سلیمان یاسین

ه. ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٤٢١/ب/٢٠١٩/٤

رێکەوت ٢٠١٩/٦/١٦

جاردان

بۆ داوالێکراو: امیر صلاح الدین شفیع

داواکار(بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئیسکان/سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە ٤٢١/ب/٢٠١٩/٤ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکرنت بەگەڕاندنەوەی ($٢٤٥,٩٤٠) دووسەدو چل و پێنج هەزار و نۆسەد و چل دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئاشکارا ڕۆژنامەی ئەمریکی (هەولێر/گەڕەکی ئاشتی ٢) کەرتێ (٤٢) فایدە ب ڕووبەرێ (١٠٠٠)م٢ بشێوێ ماڤی بەرخوری (المساطحە) بو ماوێ (١٦) شازدە ساڵا و هەرکەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرێك ئێدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەر و پێشمەرگە و هێزێن نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژ بهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەرۆکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ (١٥) پازدە ڕۆژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرێك ئێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەرۆکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە ل دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕو و هەرکەسێ بو بکەفیت دێ و بهایێ ئاگەهداری یی و هەمی خەرجێت پێتڤێ کەڤنە ستویێ وی دگەل ژێرگرتنێ.

ئەندازیار

خالد سلیمان یاسین

ه. ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٤٠٩/ب/٢٠١٩/٤

رێکەوت ٢٠١٩/٦/١٦

جاردان

بۆ داوالێکراو: شوان دلدار صدیق

داواکار(بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیسکان/سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە ٤٠٩/ب/٢٠١٩/٤ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکرنت بەگەڕاندنەوەی ($١٧,٤١٣) حەڤدە هەزارو چوارسەدو سێزدە دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئاشکاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی ئاشتی ٢) لە ٢٠١٩/٥/١٦ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناخۆیی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١٧ بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/سرکوت طه رسول

***

ناشتی ٢) لە ٢٠١٩/٥/١٦ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١ کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/محمد بهاءالدین عبدالله

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٤٠٩/ب/٢٠١٩/٤

رێکەوت ٢٠١٩/٦/١٦

جاردان

بۆ داوالێکراو: شوان دلدار صدیق

داواکار(بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیسکان/سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە ٤٠٩/ب/٢٠١٩/٤ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکرنت بەگەڕاندنەوەی ($١٧,٤١٣) حەڤدە هەزارو چوارسەدو سێزدە دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئاشکاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی ئاشتی ٢) لە ٢٠١٩/٥/١٦ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١ کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/محمد بهاءالدین عبدالله

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٤١٧/ب/٢٠١٩/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٦

جاردان

بۆ داوالێکراو: خاتوزین دارا محمدامین

داواکار(بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیسکان/سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە ٤١٧/ب/٢٠١٩/٢ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکرنت بەگەڕاندنەوەی ($٨١,١٠٠) هەشتا و یەك هەزارو سەد دۆلاری ئەمریکی وەك کۆی نرخی خانووی ژمارە (S ١٧٣٢) لە پرۆژەی ئاشتی بۆ نیشتەجێبوون لەهەولێر، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی ئاشتی ٢) لە ٢٠١٩/٥/١٤ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١٧ بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/سرکوت طه رسول

***

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Drilling Superintendent

LOCATION: Erbil

JOB SUMMARY: Ensure the efficiency and timely management of drilling operations to minimize rig down time and rig operating expenditures.

KEY RESPONSIBILITIES

- Manage multiple drilling crews forecast and plan equipment, tooling, material and manpower needs for completion of multiple drilling wells.
- Delivery of the work program on time and on budget
- Conduct morning calls and review morning reports with the Drilling Manager
- Strong HSE delivery record,
- Provides and supports Drilling Superviosers regarding daily activities on the rig including safety, training, managing of Promptt, promoting internal personnel.
- Manage drilling operations to minimize rig down time and rig operating expenditures.
- Responsible for the overall safety implementation for assigned rigs.
- Reviews Rig Expense Reports to monitor and track operating costs regulerly
- Conduct meetings service providers, to increase the efficiency of the service

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelors degree in Engineering, preferably Petroleum Engineering or equivalent technical field Graduate
- Crew training experience
- 15 years of rig based supervisory experience
- IWCF level 4 well control
- Fluent in written and spoken English

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Catering Manager

LOCATION: Erbil

JOB SUMMARY: The Catering Manager is responsible for running the day-to-day catering operations and services in TAQA catering facility. He is responsible for monitoring the quality of the food and service and for making sure that their outlets perform well. The most important part of the job is achieving good quality within a budget and maintaining high standards of hygiene and customer satisfaction. The Catering Manager reports directly to the Business Support Manager and executes the orders as detailed.

KEY RESPONSIBILITIES

- Planning the menus & special functions in consultation with chefs
- Follow the kitchen safety regulations & ensure health & safety regulations Ensure HACCP policies are conformed to including all temperature logs & records
- Report any equipment issues/defects
- Manage the food and beverage provision for functions and events
- Supervise catering team and manage rotation
- Organise, lead and motivate the catering team

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Diploma in Hospitality Management and prefering Basic Food Hygiene Certification
- Knowledge of food preparation, nutrition in different foods and
- 7 years of experience in the role
- Experience with Microsoft Office (Word, Excel, and PowerPoint)
- Fluent English and kurdish language spoken and written. And literate Computer
- Maximo and Oracle experience.

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارەك ٢٢٧/ب/٢٠١٩/٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٣
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (فرمان جلال حمەکریم)
